# کاریگەری سیاسەتی دەرەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەر کوردستانی رۆژهەڵات


توێـــژینـــەوەی ئاکادێمی زانستی سیاسی بە ئامادە کردنی رمەزان زینەل ئەحمەد و حسین عبدالله قادر

ماموستای چاودێر

## غیاس الدین نەقشبندی



هەولێر٢٠٠٨/٢٠٠٩


Www.Kurdishthinktank.org

پیـــــشەکی:

سەدەی ٢١ بە پێناسەی ململانی نێوان ئەکتەرەکانی کۆمەڵیی نێونەتەوەیی دێتە بەر چاو، شێوەی جووڵانەوەی ئەکتەرە جیهانییەکان لە چوارچێوەی ئوراسیا بە گرینگیدانی ئاسیا بەر تەسك دەبێتەوە، لە ئاسیا ناوچەیەکی پڕقەیران بە ناوی رۆژهەلاتی ناوەڕاست هەیە، کە سەرەنجیی زلهێزە نێودەولەتییەکان لە پێناو بەدەست هێنانی بەرژەوەندی راکێشاوە. ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەك لەو ئەکتەرانەیە کە ئاسایشە نەتەوەیەکەی بە ناوچەکەوە بەستراوەتەوە، بۆیە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بە هەڵبژاردنی ستراتیجی تیرۆریزم پرۆسەی لێدانی ئەفغانستان لە ٢٠٠١ و شەری رزگاری عێراق لە ٢٠٠٣ ی ئەنجام دا.

بەرەنگاربوونەوەی (ویلیام گادوین دەڵێت): "بیرکردنەوە سەبارەت بە هێرشکردنی سەر ولاتێك کە رەفتار و هەڵسوکەوتێکی عەقلانی هەیە، بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە."[1]

دوای ئەو هەموو رووداوانە و شوێنی ستراتیجیەکەی ئێران کە بووەتە کوسپ و سەرەنجی ئەمریکا، بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکە دەجووڵێتەوە و هەوڵ بۆ تێکدانی بارودۆخی ناوچەکە دەدات. ئەمەش بە ووتەی (تۆماس فریدمەن) کە دەلێ: "بە دەسەلات گەیشتنی رژیمێکی نادیمۆکراتیك دەبێتە هۆی گەندەل بوونی سیستەمی جیهانی."[2] بۆیە ئەمریکا بە بیانووی شەری دژە تیرور و بلاوکردنەوەی سیستەمی دیمۆکراسی هەوڵی لە ناو بردن یا خۆد کۆنترۆل کردنی ئەو رژیمانە دەدات.

لۆرد پالمێرستۆن پێی وایە: "دۆستان و دوژمنان دێن و دەرۆن بەلام ئەمە بەرژەوەندییەکانن پایەدار و هەمیشەیینە."[3]

بەرژەوەندی هەرە گرنیگی ئەمریکا لە ناوچەکە بە پێ ووتەکانیی جیمی کارتر سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨٠ کە دەلێ:" نەوتی کەنداو بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا زۆر گرنگە و ئەمریکا هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەر بۆ گەیشتن بەم مەبەستـــــە،"وەدەردەکەوێت. [٤]جێگای ئاماژەیە کە ئێران وەك کۆسپێك دەکەوێتە بەردەم بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ئەمریکا لە (Middle East). نموونەی بەرچاوی ئەمەش دەستێوەردانی ئێران لە کاروباریی ناوخۆیی عیراق، یارمەتی دانی حزب الله و حەماس دژ بە ئیسراییل و ناردنی سیستەمی شورش بۆ ولاتەکانیی تر دبێتە چەمکی (Concept) دژە کردار لە لایەن ئێرانەوە. رۆژهەلاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی گرنگە بۆ ئەمریکا، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، بوونی هاوپەیمانی وەك تورکیا ، ئیسراییل ، میسر و سعوودییە ئەو بەرژەوەندییانەی دەپارێزرێت، بۆیە ئەمریکا هەولی داوە بە درووست کردنیی سیاسەتی هاوسەنگی نێوانییان، کە جێگای خۆی بەرفراوانتر بکات، چۆنکە بە درووست کردنی هاوسەنگی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکە دەپارێزرێت. بۆ ئەم مەبەستەش گەمارۆدانی هەندێك رژێم وەکوو ئێران و سوریا و...هتد پێویستە. پێش شۆرشی جەماوەری ئێران (١٩٧٩) و سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامی بە رابەرایەتی خومێنیی ، پەیوندی ئێران و ئەمریکا لە ئاستێکی باش بووە، تایبەت لە دەیەکانیی ١٩٧٠ ئەمریکا بە چەکدارکردنی سۆعوودییە و ناردنیی پسپوری سەربازی بۆ ئێران هەولی راگرتنی هاوسەنگی لە ناوچەکە دەدا. بەلام بە هاتنی کۆماری ئیسلامی دەبینین بە یەکەم هەنگاو

گورانکاریی لە هاوسەنگی جیوستراتیجیکی کەنداو روویدا، بە تایبەتـــی سیاسەتی دژایەتی بەرامبەر ئەمریکا وایکرد کە ئەمریکا ستراتیجی خۆی بەرامبەر بە ئێران بگۆڕێت و دەست بە دانانی گەمارۆ لە سەر ئەو وڵاتە، پاشان بە شێوەیەکی نافەرمی پێشتیوانی عیراق لە شەڕی دژ بە ئێران بکات. (١٩٨٠)تا(١٩٨٨). لە ئاکام دەبینرێ سیاسەتی لەخۆگرتنی دووجەمسەر(Bilateral Containment) دژ بە ئێران و عیراق لە لایەن سەردەمی کلینتون بە کاردێت، بۆ زیاد کردنی گەمارۆکان لە سەر ئەم دوو وڵاتە، ئێران لە پانتایی سیستەمی نێونەتەوەیی حالەتێکی گۆشەگیرانە دەگرێتە خۆ کە ئەمەش تا سەرۆك کۆماری خاتەمی بەردەوام دەبێت. بە هاتنی خاتەمی و دەرچوونی ئێران لە حالەتی گۆشەگیری بە هۆی سیاسەتەکانی خاتەمی وای لێدێت کە ئێران دووبارە دەبێتەوە ئەکتەرێکی چالاك لە ئاستی پانتایی نێونەتەوەیی. هەروەها خالێکی گرینگی ئەم سەردەمەش بریتییە لە گەشەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران، بەڵام ئەمەش زۆر ناخایەنێت. دواتر گەیشتنی ئەحمەدی نەژاد بۆ دەسەڵات هۆکارێك دەبێت بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی ئێران لە ئاستی جیهانی، ململانێی ئێران و ئەمریکا روو لە زیاد بوون دەکات. رووخاندنی سەدام وتالیبان وا لە ئێران دەکا خۆی بە تاکە زلهێز بزانێت، بەربەرەکانێ تەنها لەگەڵ سعوودییە دەمینێ کە مەرجەییەتیی ئایینی بەشێکە لەم ململانێیە.بۆیە دەبینرێ سیاسەتمەدارەکانی ئەمریکا (Zoom)یان لە سەر ئێران کردووە، هەتا ناوەناوە ئەگەری لێدانی ئێران دێتە ئارا، بە بیانووی ئەوەی ئێران هەوڵی گەیشتن بە ووزەی ناوەکی دەدا. جگە لە ئەگەری لێدانی ئێران (کە خالێکی لاوازە) کۆمەڵە بۆچوونێکی تر هەیە سەبارەت بە مە.

١) - زیاد کردنی گەمارۆکان لە سەر ئێران.

٢) - چارەسەری کێشەکان بە رێگای دیپلۆماسی.

٣) - یارمەتی دانی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران.

رۆژهەڵاتی کوردستان ناوچەیەکی زۆر گرنگە لە بەشی رۆژئاوای ئێران هەر لە سەرەتاوە کوردەکان هەوڵی بەدەست هێنانیی مافە رەواکانی خۆیان لەم بەشەی کوردستان داوە. شێوازی جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان شێوەیەکی رەوا و خاوەن پێگەیە، کوردەکان سەرەتا دروشمی ئامانجی خۆدموختارییان هەبوو لە چوارچێوەی ئێران، کە ئەمەش لە راگەیاندراوی کۆمەڵەی ژکاف و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران وەدەردەکەوێت، بەڵام ئێستا بیروڕای کوردەکان وەك ئوپوزیسیون گوڕدراوە. هەر وەك لە ناوەرۆکی توێژینەوەکەماندا شیکراوەتەوە."تێڕوانینی ئەمریکا سەبارەت بە کوردەکان لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی. لێرە دایە کە کورد دەبێت بە دوای بەرژەوەندی هاوبەشدا بگەرێت لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا بۆئەوەی سەرکەوتن بە دەست بێنێت."[5] بە پێی تیۆری ریالیستەکان(Realism theory) (هانس مۆرگنتا)و (والتز و کسینجەر) لە سیاسەتی نێونەتەوەیی، بابەتی ئەخلاقی(مۆرال) بوونیان نییە، بەلکوو وڵاتان لە پێناو بەرژەوندییەکانی خویان هەوڵدەدەن. لێرە دا ئەمریکا سیاسەتی ئێران وەکوو کۆسپێك دەبینێت لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچە دا، بۆیە بە کار هێنانیی کارتی فشار دەبێتە شتێکی پێویست ئەمریکا بیری لێ بکاتەوە، یەك لەو کارتانە بوونی کوردە لە ئێران، کە ئەمریکا بۆ لاواز کردنی ئێران دەتوانێت بە کاری بێنێت. ئەمەش لە یارمەتی دانی پارتە کوردییەکانی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە رەنگدەداتەوە

## ئامانجی بابەت : Subject Goals

١) ئاماژە وشیکردنەوە بە سیاسەتەکانی (USA) سەبارەت بە ناوچەی (Middel East) بە تایبەت رۆژهەلاتی کوردستان.

٢) کاریگەری رەفتارەکانی سیاسی ئەمریکا لە سەر ئێران و هەروەها رەنگدانەوەی ئێران.

٣. ئەنجامی رەفتارەکانی سیاسی ئەمریکا لە ناوچەکە و گورانکارییەکانی لە سەر کەمەنەتەوەییەکانی ئێران.

## گرینگی بابەت: Subject Important

لەم بابەتە باسی یەکێك لە پارچە كانی کوردستان دەکرردرێت هەروەها گرینگی بە سیاسەتەکانی ئەمریکا سەبارەت بەم پارچەیە دەدرێت.

## پرسیاری سەرەکی: Primare Questions

رەنگدانەوەی سیاسەتی ئەمریکا لە سەررۆژهەلاتی کوردستان چۆن دەبێت؟

## گریـــــمانە : Hypothesis

بە ئەگەری هێرش کردنی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، حکومەتێکی فیدراڵ لە رۆژهەلاتی کوردستان وەکوو باشووری کوردستان دروست دەبێت؟

## پرسیارە لاوەکییەکان: Secondery Questions

١)- چونییەتیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ناوچە ؟

٢)- هوکارەکانیی رۆخانی کۆماری کوردستان چیین ؟

٣)- بیانووکانی ئەمریکا دژ بە ئێران چیین؟

٤)- سیاسەتەکانی ئێران دژ بە ئەمریکا چۆنە و چۆن بەرپەچی دەدات؟

**شێـــوازی توێژینەوە:** Methods of Reaserch

شێوازی توێژینەوەکە زیاتر بە شێوازی کتێبخانەیی بووە، واتە کەڵکمان لە کۆمەڵە کتێبێکی بەسوود سەبارەت بەم بابەتە وەرگرتووە، هەروەها کەڵك لە بابەتی ئینتێرنێتی وەرگیراوە. بە شێوەی متۆدی شیکاری و ریالستی هەوڵ بۆ شیکردنەوی ئەم بابەتە دراوە

ڕێکخستنی بابەتەکان لە پێنج بەشی ناو پێرست ئاماژە پێکراوە.

**ســــەرچاوەکانی بەشی پێشەکی**


١)، اندرو لینکلیتر/ لیلا سازگار/ نظریه هنجارگذار و روابط بین الملل/ دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی/چ١ / تهران ١٣٨٥.ص٦

٢)، توماس فریدمن / انرژی سبز/ نیورک تایمز/ ١٥ ابریل ٢٠٠٧/سینا ملکی / چشم انداز ایران/ شهریور و مهر ١٣٨٦.ص١٧

٣)، ريضارد كاطلةرِ/ دليَر ميرزا / ستراتيجيي سةربازي ئةمريكا لة سةدةي ٢١ / ضاثي وةزارةتي رؤشنبيري / هةوليَر ٢٠٠٣ / لاَثةرةي ١٢٩

٤)، لطف الله میثمی / قانون نفت عراق / چشم انداز ایران/ شهریور و مهر ١٣٨٦.ص١٤

٥)، WWW.KURDISTANUKURD.COM / نقشه سیاسی امریکا در خاورمیانه/ خالید عزیزی/ کردستان در معادله خاورمیانه/ترجمه کوردی به فارسی کاوه اهنگری.

## بــــەشـــی یـــــــەکەم : سیاســــەتی دەرەوەی ئەمریکا لە روژهەڵاتی ناوەڕاست.

The foreign policy of USA in Middle East

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندی لەگەڵ باڵانسی هێزەکان بە گوێرەی بەرژەوەندییە لە چوارچێوەی نێونەتەویدا. بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەگشتی لە سێ بواردا دەستەبەندی دەکرێت:

١) ئەو بەرژەوەندییانەی بە مانەوەی هژمۆنی ئەمریکا پەیوەستن، ئەمەش ئەو بەرژەوەندییانە دەگرێتەوە کە لە بواری ناوخویی کاریان لە سەر دەکرێت. واتە تەندرۆستی دام و دەزگاکانی ئیداری و...هتد.

٢) بەرژەوەندییەکانیی سەرەکی بریتین لە بەردەوامی و پارێزی کردنی سیستەمە سەرەکییەکانی نێونەتەوەیی وەکو ئابووری، سامانەسرووشتییەکان، (نەوت).....هتد.

٣) بەرژەوەند ییە گرنگەکان کە بریتین لە گڕنیگی دان بە گەشەسەندنی ئابوری لە وڵاتانی تر. [١]

لە سەر بنەمای بەرژەوەندی دووەم و سێهەم دەبینین لە سەردەمی (TRUMAN) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سێ ئامانجی سەرەکیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو، کە بریتی بوون لە:

- پاراستنی ئاسایشی ئیسراییل.
- بەدەست هێنانیی نەوت.
- پاراستن یان سەقامگیری و سازکردنی هاوسەنگی ناوچەیی.[٢]

ئەگەر بمانەوێت بەرژەوەندییە گرنگەکانی ئەم زلهێزە لە سەردەمی ئێستا ناو چەند بابەت کورتی بکەینەوە، دەبێت ئاماژە بەسێ بەرژەوەندی بدەین کە بریتین لە:

١) دروست کردنی بازنەی کارتێکەری.

٢) پاراستنی ئاسایشی ئیسراییل .

٣) پەرەپێدان بە دیموکراسی.

ئەم سێ بابەتە گرنگە کە دواتر لە بارەیان دەدوێین، سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا لە ناوچە دەخەنە ژێر کاریگەری خویان. بویە ئەم سێ بابەتە و کۆمەڵە بابەتێکی تر بوونەتە هۆی پەیدا بوونی پرۆژەیەك سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە(٢٠٠٢) ناسراوە، هەر چەند دواتر گۆرا بە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ(٢٠٠٦). بەڵام ئێمە تیشك دەخەینە سەر پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە.

**سەرهەلدانی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە:**

ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩١ بریتی بوو لە چوار بەرژەوەندی سەرەکی :

١) مانەوەی ئەمریکا وەکوو ولاتێکی سەربەخۆ و ئازاد.

٢) ووروژاندنەوەی ئابوورییەکی تەندرووست و روو لە گەشە.

٣) بە هێز کردنی پەیوەندی لەگەلّ هاوپەیمانەکان.

٤)بەدی هێنانی جیهانێکی ئارام و جێگیر لە پێناو وەرگرتنیی داهاتیی نەوت.[٣]

پاش ساڵی ١٩٩١و نەمانی بلووکی سووشیال(socialism) لە پانتایی نێونەتەوەیی ئەمریکا لە سیاسەتی دەرەوە بە ئالترناتیڤیی سیستەمی نوێی جیهانی، زیاتر گرنیگی بە ژینگە، مافی مرۆڤ، ئازادییە کەسایەتییەکان و......هتد بدات. بە هۆی کەش و هەوای زالّ بە سەر سیستەمی نێونەتەوەیی، ئەمریکا پاش شەری سارد نەیتوانی خۆی وەکوو هێزی هەژموون لە جیهان پێناسە بکات. ئەمەش بە ووتەکانیی برژێنسکی(BRZEZINSKI) لە کتێبی( سێ سەرۆك و قەیرانی هێزی مەزنی ئەمریکا) بە واتای تاکرەویی سەر کردەکانیی ئەمریکا لە دەسەلات وەدەردەکەوێت.ئاماژە بە سەردەمی (بوشیی باوك )و(کلینتون) و(جورج W بوش) کردووە.

لە ناو بابەتی (ستراتیجی ئیسراییل بۆ دەیەی ٨٠)[٤] لە نووسینی (ئوود نیوون) کە ساڵی ١٩٨٢ بلاو کراوەتەوە هاتووە، ئیسراییل دەبێت گرنیگی بدات بە دابەش کردنی ولاتانی عەرەبی لە سەر بنەمای ئایینی و ئەتنیکی. لە ساڵی ١٩٩٣ بیرۆکەی پێکدادانی شارستانیەتەکانی (سامۆئیل هانتینگتون) توانیی دوژمنێکی تازە بو ئەمریکا پێناسە بکاتەوە. لە چوارچێوەی سترا تیجی سیستەمی نوێی جیهانی کۆمەلە ولاتیك وەکوو ئێران ، سووریا، لیبیا و عێراق، وەکوو دوژمن لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ناسران.

لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٩٠ دەبینین بابەتی (ئوودنیون) بۆ مۆحافیزەکارەکانی (Conservatists) ئەمریکا بایەخێکی زۆر پەیدا دەکات. (رالیف پیتر) یەکێك لە جێنرالەکانی ئەمریکی لە سەر بنەمای تیۆری هانتینگتۆن باس لە پلانی رۆژهەلاتی ناوەراستی دابەشکراو دەکات کە تیایدا ئێران بۆ نموونە دابەش دەبێتە سەر پێنج بەش)[٥]

رووداوی یازدەیی سێپتەمبر لەگەلّ ئەو زەرەر و زیانانەی کە بۆ ژێرخانە ئابورییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا هەیبوو، بەلام خالێکی وەرچەرخان بوو لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. بە شێوەیەك کە بوونی رژێمە نادیمۆکراتیك و سەرکووتگەرەکان لە ناوچەکە دا، ببێتە پاساوێك بۆ بەرێوەچوونی کردەوە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچە.

ستراتیجی نیوکۆنسرڤەتیستەکانی ( New Conservatists) ئەمریکا لەسەر بنەمای ئاسایشی نەتەوەیی دامەزراوە، واتە لە ناوبردنی هەرەشەکان پێش ئەوەی ببێتە مەترسیی و هێرش کردن (Preemptive Strike) . ئەمەش پاش یازدەیی سێپتەمبر مانایەکی تایبەتی پەیدا دەکات، واتە رووداوی یازدەیی سێپتەمبر بووە هۆی گرنیگی دانی زیاتر بە رۆژهەلاتی ناوەراست لە لایەن ئەمریکاوە. لە روانگەی نیوکۆنسرڤاتیستەکان دیاردەی وەك چەکە کۆمەلکوژەکان، ترۆریزم، ولاتە نادیمۆکراتیەکان و....هتد لە سەر ئاسایسی نەتەوەیی ئەمریکا هەرەشەنە.واتە دەبینین ئەوانە هەموو بوونە هۆی پەیدابوونی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە لە دوازدەیی دیسامبری ٢٠٠٢ لای کولین پاولّ

(Colin Povle) دەرچوو، هاوکات لەم ڕێکەوتە ڕێکخراوی ئینترپرایز (Interprize) پێکهات وە گرنیگی بە یارمەتیدانی سووعودییە، یەمەن و ئەلجزایەردا بۆ بە ئەندام بوون لە سەنتەری بازەرگانی جیهانی دابوو، هەروەها لایەنگری لە پرۆسەی بەڕێوەچوونی ریفۆرم و چاکسازی (Reform) لە ناوچەدا کرد. ئەو پرۆژەیە لە سێ بوار دەکۆڵێتەوە کە بریتین لە: بواری سیاسی، بواری ئابوری، کۆمەڵایتی و فەرهەنگی[٦].

بواری سیاسی، ریفۆرم لە ناوخۆی وڵاتان و پەرەپێدان بە دیمۆکراسی لە خۆ دەگرێتەوە و هەروەها گرنیگی دان بە درووست بوونی کۆمەڵگای مەدەنی لە وڵاتانی ناوچە.

بواری کەلتووریش، لە سەر بنەمای هاوکاری کردنی کەلتووری و کۆمەڵایەتی لە نێوان وڵاتانی رۆژئاوا و روژهەڵاتە، سەبارەت بەم بابەتەش دەتوانین ئاماژە بە قسەی پاوڵ بکەین کە دەڵێت: (سەردەمی هاوکاری ئیسلام و روژ ئاوا دەستی پی کردووە ).[٧]

بواری ئابووری، گرینگی بە پەرەسەندنی بازەرگانی لە وڵاتانی ناوچە دەدات.

لە روانگەی ئەمریکاوە دواکەوتوویی ناوچە بووە هۆی پەرەسەندنی تیرۆریزم و درووست بوونی هەرەشە لەسەر روژئاوا. بویە دەکرێت لەناوچە ئاماژە بە چوار بابەت بدرێت:

١)، گەشەسەندنی ئابووری و دروست بوونی ناوچەی ئازاد.

٢)پشتگیری کردن لە مافەکانی ژنان.

٣)، ئازادی سیاسی وگەشەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی.

٤)، پەرەپێدان بە پەروەردە و فێر کردن.

واتە ئەم پرۆژەیە لە جۆزەردانی ٢٠٠٤ لە نیوان وڵاتانی پیشە سازی بڵاو کراوە تاکوو لە سەری بگەنە ئاکامێك. هەندێك(ئەمریکا و هاوپەیمانان) پێیان وایە ئەم پرۆژەیە تەنیا ڕێگای ڕزگاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە بۆنیادگەری ئیسلامیی و هەندێکی تر(وڵاتانی ناوچە) پێیان وایە، ئەمە تەنیا پاساوێکە لە لایەن ئەمریکاوە بەرامبەر بە رای گشتی جیهانی سەبارەت بە هێرش کردنە سەر عێراق.یەکەمین کۆبوونەوە سەبارەت بە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە، لە ریباتی مەراکیش بەڕێوەچوو، کە جگە لە بەشداری وڵاتانی پیشەسازی، نوێنەرانی پاکستان، تورکیا و مەراکشیش ئامادە بوون. دەرچوونی ئەم پرۆژەیە وای کرد کە لە مارسی ٢٠٠٤ کۆنفرانسی چاکسازی لە ئیسکەندەرییە بە بەشداری وڵاتانی عەرەبی بە رێوەبچێت. هەرچەندە ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە. پاش هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، لیبیا لە سیاسەتی وەزەی ناوەکی خۆی پاشگەز بوو و هەندێك ریفۆرم لە سووعوودییە ڕوویدا وەکوو بەشداری ژنان لە هەڵبژاردنەکان (Elections)، سیستەمی فرە حیزبیش(Multi party) لە میسر سەری هەڵدا. لە کۆتایی ئەم بابەتە دەکرێ ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەو پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠٠٤ بە هەندێك گۆڕانکارییەوە پەسەند کرا. هەتا ئێستا نزیکەی ٢٨٣ میلیۆن دۆلار سەبارەت بەم پرۆژەیە لە لایەن کۆنگرێسەوە، تەرخان کراوە[٨]. ئامانجی پرۆژە دروست کردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بە پێی جوگرافیای ئایینی و ئەتنیکی، ئەمەش بە تایبەت لە دابەشکردنی سووعوودییە، عێراق و ئێران و تورکیا رەنگدەداتەوە، هەروەها درووست بوونی دەولەتێکی کوردی بە پێی نەخشەی پرۆژەکە.

سەبارەت بە ئێران دەکرێ ئاماژە بە ئەگەری جێبەجی بوونی پرۆژەکە بکەین، کە کۆمەڵە بەشێك وەکوو کوردستان، ئازەربایجان، بەلووچستان و ئەهواز لە ئێران جیا دەبنەوە و هەروەها بەشێکیش لە ئەفغانستان (پارێزگاکانی دەوروو‌بەری هەرات) دەدرێنە ئێران. بەڵام جێبەجێ بوونی پرۆژەکە بە پێویستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەبێت. بۆیە دەبینین زۆربەی وڵاتانی ناوچە دژی جێبەجێ کردنی پرۆژەکەن، چۆنکە جیبەجێ بوونی پرۆژەکە دەبێتە مایەی پارچە پارچە بوونیان.گۆڕانە تازەکانی کە لە ناوچە رویان دا، وەکوو سەرکەوتنی حەماس و بە تایبەت شەری حزب الله و ئیسرائیل وایان کرد پرۆژەیەکی تر بە ناوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ( ٢٠٠٦) بێتە کایەوە کە سەرەتا باس لە سەقامگیر کردنی ناوچەکە دەکات، دوای ئەو پەرەپێدانی دیموکراسی(Democracy).

ئەوەی گرنگە، ئەم پرۆژانە هێشتا نەهاتوونەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ناکرێ بڵین بە تەواوەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەر بنەمای ئەو پرۆژانەیە، بەڵکوو دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو پرۆژانە تا ڕادەیەك کاریگەری خۆیان لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە و لەوانەیە لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەك بێنە ئاراوە.

**بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچە:**

پێشتر باسمان لە سێ بەرژەوەندی گرنگی ئەمریکا لە ناوچەکە کرد کە هەموو هەوڵی خوی دەخاتە گەر بۆ بەدی هێنان و پاراستنی ئەم بەرژەوەندییانە. ئەم بەرژەوەندییانەش بریتین لە:

١) درووست کردنی بازنەی کارتێکەری( لە پێناو بە دەستهێنانی نەوت).

٢) پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل.

٣ ) پەرەپێدان بە دیموکراسی.

— درووست کردنی بازنەی کارتێکەری.

ئامانجی سەرەکی ئەمریکا بریتیە لە دروست کردنی بازنەیەك کە تێدا بتوانێت کارتێکەری خۆی بسەلمێنێت. واتە ئەگەر بتوانێت لەم بازنەیە خاوەن دەسەڵاتی زاڵ بیت، ئامانجەکانی تریش دەپارێزرین. ئامانجی سەرەکیی ئەمریکا بریتیە لە بە دەست هێنانی نەوت کە تەنیا لە حالەتێکدا دێتە دی کە ناوچە لە بوارێکی ئارام و سەقامگیردا بێت، بۆیە بوونی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئارام وجێگیر باشترە لەوەی فەوزا بێت. لە سەردەمی شەڕی سارد، پیداویستی وڵاتان بە نەوت وای کرد کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بو ئەمریکا لە بواری ستراتیجیکییەوە گرنگی هەبێت، بویە ئەمریکا بو درووست کردنی سەقامگیری و پاراستنی ئاسایش و هێمنی هەموو هەوڵی خۆی دا بۆ درووست کردنی هاوسەنگی ناوچەکە، ئەمەش لە رێگای چەکدارکردنی سووعوودییە و ئێران.[٩]

٪ ٧٠ی نەوتی جیهان لەو ناوچەیە دایە کە ٧٠٠ میلیۆن برمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرهەم دێنێت، ٪ ٦٥ی ئەم نەوتە لە حەوت وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.[١٠] بە کار هێنانی نەوتی روژانەی ئەمریکا نزیکەی ٢١ ملیۆن بەرمیلە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە تەنیا دەتوانێت حەوت ملیون بەرمیل رۆژانە بەرهەم بێنیت وە دەبێت چواردە ملیۆن بەرمیل لە شوینەکانی دیکەی جیهان بە تایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگرێت." "بە پێی زانیارییەکان هەتا دە

ساڵی دیکە کۆگاکانی نەوتی ئەمریکا بەرەو تەواو بوون دەچن." ئەمەش گەورەترین هەرەشەیە لە سەر ئاسایشی ئەمریکا بویە دەبینین لە سەدەی بیستەم نەوت فاکتەرێکی گرینگ بووە لە وەرچەرخانە سیاسی و ئابووری وسەربازییەکانی جیهان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش سەنتەری ئەم وەرچەرخانانە بوو. بە هاتنەدی ئەم بەرژەوەندییانەیە کە بەرژەوەندی تری بە دووادا دێن. ئەمریکا هەموو کاتێك بە دوای بەدی هێنانی ئەم بەرژەوەندییە بووە و هەر کاتێك کە ئەکتەرێك لە ناوچە هەوڵی تێکدانی بارودۆخی ناوچەی داوە ئەمریکا هەستاوە بە کۆنترۆل کردن یا خود لە ناو بردنی ئەم ئەکتەرە، ئەمەش لە شەری دووەمی کەنداو (١٩٩١) دژی عێراق، لە ناو بردنی رژێمی تالبانی ئەفغانستان لە ٢٠٠١ و شەری ڕزگاری عێراق لە ٢٠٠٣ رەنگ دەداتەوە. کە سەرەتا، بەرژەوەندی ئەمریکا لە پاراستنی ئەو دوو رژێمە بوو، بەڵام پاشتر لە پێناو بەرژەوەندییە تازەکان هەوڵی رۆخاندنی ئەو دوو رژێمەی دا. بە لانی کەم ئەوەی بە ڕتاگەیاندنەوە پەیوەندی هەیە و یلاو دەبێتەوە ئەوەیە کە ئێران ئەکتەرێکە کە کار دەکات بۆ تێکدانی بارودۆخی ناوچە و دژایەتی کردن لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا کە ئەگەر ئەم کێشەیە بە رێگای ئاشتیانە لە نێوان ئێران و ئەمریکا چارەسەر نەبێت، لەوانەیە بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی بچێت هەروەها سیاسەتی گەمارۆدان لە سەر ئێران روو لە زیاد بوون بکات، یاخود هەتا ئەگەری لێدانی ئێران بێتە سەر مێزی گفتگوکان. (Discussion)

– پاراستنی ئاسایشی ئیسراییل .

پاراستنی ئاسایشی ئیسراییل بابەتێکە کە هەموو کات لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەر چاو بووە. ئیسراییل لە روانگەی ئەمریکاوە بە وڵاتێکی دیموکراتیك، هەروەها زلهێزیك لە ناوچە دەناسرێتەوە، جگە لە مەش بە هاوپەیمانی گرنگی ئەمریکا لە ناوچە دادەنرێت، بویە ئەمریکا لە پێناو هێنانەدی ئاشتی نێوان ئیسراییل و عەرەب هەوڵی جدی داوە بۆچارەسەرکردنی کێشەکە، ئەمەش لە کۆنفرانسی ئاشتی مەدرید 30 /october/١٩٩١، کۆنفرانسی ئاناپۆلیس ٢٧/ novamber/٢٠٠٧ و...هتد رەنگدەداتەوە. سەرەرای ئەمە بوونی چەکە کۆمەڵ کوژەکان لە ناوچە و ئەگەری بەکار هاتنی ئەم چەکانە لە شەرێکی چاوەروان نەکراو هەرەشەیە لە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئەمەش لەوە بەدەردەکەوێت کە نرخی ناوەندی گەشەسەندنی ئابووری لە ناوچە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ٦٪ دەست نێشان کرابوو، لە کاتێکدا پێوەری هەناردەکان لە ناوچە ساڵی هەشتاکان ١٠٪ بووە، ساڵی ٢٠٠٥ گەیشتووتە ٪ ٦ جگە لە مەش لە ٪ ١٠ی بەرهەم هێنانی زۆربەی وڵاتانی ناوچە سەرفی بوودجەی سەربازی دەکرێت."[١٣] واتە ئەمریکا بەرژەوەندیەکانی خوی و ئیسراییل لە ناوچە بە مەترسی دەبینێت. بۆیە هەموو هەوڵی خۆی دەدات بە نەهیشتنی بلاو بوونەوەی چەکە کۆمەڵ کوژەکان لە ناوچە، ئەمەش لە لێدانی عیراق بەم بیانۆیە، گۆشار خستنە سەر لیبیا و ئێران سەبارەت بە وەزەی ناوەکی رەنگدەداتەوە.

وەکو باسمان کرد نووسراوی ( ئوودنیون )لە ساڵی ٨٢ گرنیگی بە پارچە پارچە کردنی وڵاتانی عەرەبی داوە، ئەمەش فاکتەرەکی گرینگ بوو بۆ دەرچوونی پرۆژەی روژهەڵاتیی ناوەڕاستی گەورە، چۆنکە لە روانگەی ئەمریکا وڵاتانی

بچووك و پارچە پارچە كراو ناتوانن لە سەر ئيسراييل هەرەشە بن، بەڵام وڵاتێكى گەورەى وەكوو ئێران دەتوانێت لە سەر ئيسراييل هەرەشەيەكى گەورە بێت.

- پـــەرە پيـــدان بـــــە ديمۆكراسى:

ئامانجە درێژ خايەنەكانى ئەمريكا لە ناوچە بريتين لە پەرەپێدان بە ديمۆكراسى و ساز كردنى كۆمەڵگاكانى مەدەنى لە سەر بنەماى حكومەتە ميانەرەوەكان لە ناوچەكە دا. يەكێك لە دروشمە سەرەكييەكانى ئەمريكا لە پەرەپێدان بە ديموكراسى بۆ هاتنە ناو ناوچە بە رێگاى دەست تێوەردانى سەربازى وە دووپاتكردنەوەى گۆشارەكان رەنگدەداتەوە.
ديك چينى دەڵێ"بووش سورە لە سەر ئەوەى كە ديمۆكراسى دەبێت لە سەر تا سەرى رۆژهەڵاتى ناوەڕاست و دەوروبەريدا گەشەبكات".[٣]
لە پرۆژەى رۆژهەڵاتى ناوەڕاست ئاماژە بە گرينكى پەرەپێدانى ديمۆكراسى دراوە: واتە لە بوارى سياسى پرۆژەكە، باس لە دوو شتى سەرەكى كراوە. پێويستى جێگیر بوونى ديمۆكراسى لە ناوچە و دانانى پرۆگرامێكى تا ڕادەيەك گشتى بۆ بەديهێنانى ريفۆرمى سياسى و ئابوورى لە ناوچە. بويە ئەمەش يەكێكە لە بەرژەوەنديەكانى ئەمريكا لە ناوچە، واتە بە ديمۆكراتيك بوونى وڵاتانى ناوچە، ئاشتى لە روژهەڵاتيى ناوەڕاست بەدى دێنێت و هەرەشەكان لە سەر ئەمريكا كەم دەكاتەوە، هەندێك ديارده وەك تيرۆريزم، چەكە كۆمەڵ كوژەكان و.....هتد نامێنن. لێرە دەكرێ ئاماژە بەم بابەتەش بدەين كە بەدى هاتنى ديمۆكراسى لە ناوچەكە دەبێتە هۆكارێك بۆ پاڕاستنى بەرژەوەنديەكانى ترى ئەمريكا. واتە بە بەدى هاتنى ديمۆكراسى دەتوانين بڵێين ئاشتى لە نێوان اعراب و ئيسرائيل ساز دەبێت وە ئەمريكاش لە بە دەست هێنانى نەوت لە ناوچە تووشى كێشە و ئاڵوزى نابێت. كۆمەڵێك فاكتەر لە بەردەم بەديهاتنى ئەم بەرژەوەنديانەن. يەك لەو فاكتەرانە ئێرانە، كە هەموو كاتێك هەوڵى تێكدانى بارودۆخى ناوچەكەى داوە بۆ ئەوەى ئەمريكا نەتوانێت بەرژەوەنديەكانى خوى لە ناوچە بپێكێت، هەروەها هەموو كات كۆسپ و تەگەرەى خستوتە بەر چارەسەرى كێشەى عەرەب و ئيسراييل.بۆ ئەوەى باشتر لەم كێشەيە تێبگەين پێويستە پێكهاتەى سياسى ئێران و شەپۆلەكانى بناسێنين، بۆيە لە بەشى تر باسى ئەم بابەتە گرنگە دەكەين.

**ســــەرچاوەكانى بەشى يەكەم**

١) كميسيون تدوين استراتيژى امنيت ملى امريكا /استراتيژى امنيت ملى امريكا در قرن٢١ /مترجمين :جلال دهمشكى _بابك فرهنگي _ابوالقاسم راة ضمنى/موسسة فرهنگى_مطالعات و تحقيقات بين المللى ابرار معاصر ايران/چاپ٤/ پاييز١٣٨٣/ص٢٧٤.

٢) رضا سيمبر /سياست خاورميانةاى بوش _استمرار اشغال فلسطين/ كتاب امريكا/ويژه دكترين امنيت ملى بوش در خاورميانة /شمارة ١/مؤسسة فرهنگى مطالعات و تحقيقات بين المللى ابرار معاصر تهران/چاپ/مهر ١٣٨٣ تهران/ ص٤٩

٣) ريضارد كاطلةر/دلير ميرزا /ستراتيجى سةربازى /ئةمريكا لة سةدةى ٢١ /ضاثى وةزارةتى روشةنبيرى/ هةولير/٢٠٠٣ /لاثةرة ١٣٢

٤) www.iran-emroz.com جلال ايجادى/ بحران خاورميانةوايران_ ترح اتحاديةى خاورميانة بزرگ٢٤/٢/٢٠٠٧..

٥) هةمان سةرضاوة.

٦) د. همايون الهى / خليج فارس و مسائل ان / نشر قومس /چاپ ٨ //تهران /١٣٨٤/ص١٨٤

٧) usinfo/www.google.com/ پل اطلاعاتي ايران.امريكا.خاورميانة درنگاهي كوتاة / م. وحيدى.

٨) جفرى كمپ و رابرت هاركاوى /سيد مهدى حسيني متين / جغرافياى استراتيژيک خاورميانة/ پژوهشكدة مطالعات راهبردي غيرانتفاعي / چاپ اول / تهران / زمستان ٨٣ /دو جلدى. جلد١/ص٩۴

٩). عزت اللة عزتى /تحليلى بر ژئو پولتيك ايران و عراق/دفترمطالعاتى سياسى و بين المللى تهران / چاپ دوم/ تابستان ١٣٨٤ مركز و چاپ نشر وزارت خارجى/ص٢٧٣

١٠) سياسى /د. امير راهبر /نقشة جديد نيروهاى مسلح امريكا در خاورميانة /روزنامة زمان تركى/روزنامه شرق /١٣٨٥/١١/٢٩

١١) جفرى كمپ و رابرت هاركاوى /سيد مهدى حسيني متين / جغرافياى استراتيژيک خاورميانة/ پژوهشكدة مطالعات راهبردي غيرانتفاعي / چاپ اول / تهران / زمستان ٨٣ /دو جلدى. جلد١/ص٩۴

١٢) ویرایستاران یوجین ار ویتکویف و جیمز ام مك کورمیك/ جمشید زنگنه / سرچشمه های درونی سیاست خارجی امریکا/دفتر مطالعات سیاسی و بین الملل / تهران. وزارت امور خارجه»مرکز چاپ انتشارات. ١٣٨١
١٣ هەمان سەرضاوة، لاثةر٩٤

١٤) هادي زماني / مروري بر عملكرد و طرح خاورميانةي بزرگ/ www.hadizamani.com

**بــــەشی دووەم:**

**ئەلیمێنتەکانی(Elements) پێـکهاتەی کۆمەڵــــگای ئێران و سیستـــــەمی سیــاسی**

**لێکترازانەکان لە ئاستی ئێران:**

ئێران بە ڕووبەر ١/٦٤٨/١٩٥ کیلۆمەتری چوار گوشە هەفدەمین وڵاتی جیهانە کە لە روی جیوستراتیجی و جیوپولیتیك لە روژهەلاتیی ناوەڕاست گرنگە[١].

لە روانگەی "حسین بەشیریە" ماموستای زانکوی تاران: کۆمەلگای ئێران لە کوکراوەی لێکترازانە مێژویی و بنەماییەکانی پێکهاتووە کە بووە هوی درووست بوونی ستراکچرێکی تاڕادەیەك ئالوز لە هێزە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکان کە بریتین لە نەتەوەو چین و توێژەکانی ناو کۆمەلگا.[٢] لێکترازانەکان لە رەهەندی مێژوویی، سەرەتا بە هاتنی ئیسڵام لە نێوان شارستانیەتی ئێرانی و ئیسلام دەست پێ دەکات. دواتر لە سەردەمی سەفەوی لێکترازانەکان دەچنە حالەتی مەزهەبی، لە چوارچێوەی لێکترازانی مەزهەبی تشیع و شارستانیەتی ئێرانی.

لە روانگەی (درك کنیان) پێکهاتەی کۆمەلگای ئێران، سوننەتی و لە سەر بنەمای پیاوە ئاینیەکان هەروەها خێزانەکان بوو.[٣] پیاوە ئاینیەکان لە سەردەمی سەفەوی هەتا کاتیی قاجاریەکان (ناسردین شاه) کاردانەوەیەکی باشیان لە سەر جەماوەر هەبوو. لە سەردەمی ناسردین شاه بە هوێ پەیوەندی حکوومەت لەگەڵ رۆژئاوا کاریگەری پیاوە ئاینییەکان روو لە کەم بوونەوە دەکات.

پێش هاتنی رەزاشا و دامەزراندنی پاشایەتی پەهلەوی، چینی ئەشراف بوون بە هێزترین چینی ئێران، توێژی روحانی تا ڕادەیەك خاوەن دەسەلات بوو. بە هاتنی رەزا شاه و دانانی پروگرامی نوێ کردنەوە بە شێوازی رۆژئاوایی پێگەی کۆمەڵایەتی و کارتێکەری سیاسی روحانیەت لە ئێران چووە ژێر پرسیارەوە، واتە سەردەمی پەهلەوی لە ئێران بە ڕۆیشتن بەرەو سەردەمی سەرمایەداری ناسراوە.[٤] چونکە لەم سەردەمە سەرکووت کردنی هێزەکانی کۆمەڵایەتی دەست پێ دەکات و جۆرێك لێکترازانی کۆمەڵایەتی لە نێوان هێزە سوننەتیەکان (ئەشراف و خاوەن زەوی، روحانیەت و بازەرگانەکان) و هێزە مۆدێرنەکان (سەرمایەداری نوێ، چینی ناوەندی نوێ، چینی کرێکاری

پیشەیی) کە خوازیاری نوێ بوونەوە بوون دروست دەبێت. ئەگەر بمانەوێت وێنەیەك سەبارەت بەم بابەتە بێنینەوە ، دەکرێت ئاماژە بە لێکترازان لە نێوان چینی کرێکاری سوننەتی و کرێکاری پیشەیی بکەین. بۆ نموونە لە ساڵی (١٩٧٦) لە ئێران نزیکەی دووصەد هزار کارگەی سەرەتایی هەبووە، کە تەنیا ٪٢٤ی بەرهەم هێنانی خومالیان وەبەر دەهێنا، لە بەرامبەر دا نزیکەی (٦٦٢٦) کارگەی مودێرنی پیشەیی هەبوون کە ٪٧٦ی بەرهەم هێنانی خومالیان پێك دەهێنا.[٥]

بەردەوام بوون لە سەر ئەم رەوتە لە دەیەکانی ١٩٦٠ لە ئێران دەبێتە هۆی لێکترازانی دەولەت/حکومەت و مەزهەب، واتە ئاکامەکەی دەرچوونی تیۆری "ولایەتی فەقیهی" لێ دەکەوێتەوە لە لایەن خومەینی. جگە لە مانە وەکوو باس کرا چینی ناوەندی نوێ کە بەرهەمی پێشهاتی نوێ کردنەوە بوو، جەختی لە سەر ناسنامەی ئێرانی، ناسیونالیزمی ئێرانی، حکومەتی یاسا، ئازادی مەدەنی و هەروەها دوبارە بوونەوەی ناسنامە و داب ونەریتە نەتەوەییەکانی ئێران دەکرد. حکومەت بەشێك لەم داخوازانەی لە رێگەی دامەزراندنی پارتی ئێران و پان ئێرانیزم و... هتد، جێبەجێ کرد و هەندێکی دیکەشی وەکوو حکومەتی یاسا و ئازادی مەدەنی سەرکووت کرد. بەڵام ئەوەی گرنگە و دەبێت ئاماژەی پێ بدرێت، ئەوەیە کە ئەم بابەتە(گرینگی دان بە ناسنامە و ناسیۆنالیزمی ئێرانی) جگە لەوەی کە بووە هۆی نامۆ بوونی توێژی روحانیەت لە حکومەت و زیاتر بوونی لێکترازانە کۆمەڵایەتیەکان. بەڵکوو بووە هۆی درووست بوونی لێکترازانێکی تر بە ناوی لێکترازانی نەتەوەیی لە ئێران، بە شێوەیەك کە گڕنیگی دان و جەخت کردن لە سەر ناسنامە و ناسیونالیزمی ئێرانی کە لە سەر بنەمای بایەخ دان بە نەتەوەی فارس (٪٥٠)[٦]دامەزرا بو. بووە هۆی پشت گوی خستنی نەتەوەکانی تری ئێرانی کە بریتینە لە کورد (٪١١_ ٪١٩)[٧] ، ئازەری(٪٢٥)[٨]، (عەرەب(٪٥)، تورکمانەکان (٪٣) و بەلووچ (٪٣)[٩] ). ئەمەش هاندەرێك بوو، بو لێکترازانی نەتەوەیی لە ئێران، نموونەی بەرچاوی ئەم لێکترازانانە لە دامەزراندنی کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان رەنگ دەداتەوە.

**سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران:**

پاش شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی (١٩٧٩) لە ئێران و پێکهاتنی کۆماری ئیسلامیی و دانانی حکومەتی کاتیی بە سەرکردایەتی مهدی بازرگان، بۆ ماوەیەکی کەم حکومەتێکی لیبرال(Liberal) دامەزرا، کە لە دو گروپی لیبرال و ئیسلامیی پێکهاتبوو. بە گشتی لە ١٩٧٩ تا ١٩٨٢ پێکهاتە و لایەنە سیاسیەکانی ئێران بریتی بوون لە :

١) لیـــبرال(Liberal): وەکو "نێهزەتی(بزوتنەوەی) ئازادی ئێران"، "پارتی نەتەوەیی ئێران"، کە پێکهاتبوون لە روشنبیرو زانکوییەکان و چینی ناوەندی کۆمەلگا و خوازیاری ئازادی مەدەنی بوون.

٢) بۆنیاگەرەکان(Fundamentalism): واتە پێکهاتەی روحانیەت کە باوەریان بە ئاوێتە کردنی دین و سیاسەت بووە. ئەمانەش لە سالی ١٩٨٠ "پارتی جمهوری اسلامی" یان دامەزراند.

٣) پارتی چەپ گەرای ئیسلامیی رادیکال: کە لە چینی ناوەند و دژی روژئاوا پێکهاتبوون و خوازیاری دامەزراندنی حکومەتێکی هاوپەیمان لە نێوان ئیسلامیەکان و رادیکالەکان بوون. نموونەی ئەمەش "بزوتنەوەی مۆسەلمانە خەباتگێرەکان" و "موجاهیدینی خەلق" دینە بەرچاو.

٤) پارتە مارکسیستی و سوسیالیستەکان کە لە سەر بنەمای بزوتنەوە خوێندکارییەکان پێکهاتبوون و خوازیاری پێکهاتنی سوپایەکی جەماوری، دان پێنان بە مافی چارەنوسی نەتەوەکان و هەروەها بوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا بوون، وەکوو "پارتی توده".

نەبوونی پروگرامێکی پاش لە ناو پارتەکان وە ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوانیان دا هەبوو، وایکرد کە بە فەرمانی ئایەتوللە خومەینی لە ساڵی (١٩٨٠) پارتی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێك بێت و هەموو پارتەکانی تر ناچار بوون کە لەم پارتە نوێیە ببن بە ئەندام. تا ساڵی ١٩٨٢ پارتە کۆمۆنیستەکان و لیبرالیستەکان بە هوی گرنگی نەدان بە ئایین، لە دەسەڵات لا دران، وە ئیسلامیەکان توانیان بە تەواوی دەسەڵات بگرنە دەست .بە تایبەت سەرهەلدانی قەیرانی کوردستان و بێ توانایی حکومەتی کاتیی لە چارەسەر کردنی ئەم قەیرانە ،یەکێك لە هوکار گەلی لادانی ئەم پارتانە لە دەسەڵات بوو، بە شێوازێك کە تا ساڵی ١٩٨٢ بە تەواوی کارکردنی پارتە نائیسلاّمییەکان لە ئێران قەدەغە کرا و ئیسلاّمییەکان توانیان بە تەواوی دەسەڵات بگرنە دەست. بە تایبەتی سەرهەڵدانی قەیرانی کوردستان و بێتوانیی حکومەتی کاتی لە چارەسەری ئەو قەیرانە، یەکێك لە هۆکارەکانی لە دەسەڵات لادانی ئەو پارتانە بوو.

لە ساڵی ١٩٨٢ بەو لاوە دابەشکاری لایەنەکانی ناو ئێران بەم شێوەیەی دەبیندرا: [١٠]

**١) چەپی سوننەتی، خاوەن دەسەڵات لە ساڵی١٩٨٢ تا ١٩٩٠.**

ئەمانە کە بە لایەنگری خومەینی دەناسرانەوە، بە دروشمی عەدالەت، توانیان ماوەی هەشت سال بە شێوەی رادیکال حکومەت بەڕێوە بەرن، بیروڕایان بە شێوەی ئایدیالیزمی (Idealism) خەیالی بووە کە خوازیاری ناردنی شۆڕشی ئیسلامیی بۆ وڵاتانی تری جیهان بوون. لە ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار بەم لایەنە دەتوانین باسی ئەنجومەنی ماموستایان، فەرمانبەران و کرێکاران بکەین.

**٢) لایەنی ڕاست،** کە لە دوو بەش پێکهاتوونە: لە ڕاستی سوننەتی (موحافیزەکار) و ڕاستی مۆدێرن پێکدێن.

(خاوەن دەسەڵات لە ساڵی *١٩٩٠تا ١٩٩٨)* گرووپی ڕاستی سوننەتی لایەنگرانی خامەنەیی بوون و گرووپی ڕاستی مۆدێرنیش بە لایەنگرانی هاشیمی رەفسەنجانی دەناسرێن. ئەم لایەنە بە سەرۆك کۆماری رەفسەنجانی لە ئێران توانی ماوەی هەشت سال دەسەڵات لای خۆی قۆرخ بکات. دروشمی ئەو لایەنە کە بە تایبەتی پاش شەری ئێران و عێراق بە دەسەڵات گەیشتبوو بریتی بوو لە میانەڕەوی و ئاوەدانکردنەوە. لە ڕێکخراوەکانی گرێدراو بەم لایەنە دەکرێت ئاماژە بە نووسینگەی تحکیمی وەحدەت و ئەنجومەنی ئیسلامیی خوێندکاران بدرێت کە لە ساڵی ١٩٨٠ پێکهاتبوون و بە شێوەیەکی رادیکال لە ناو زانکوکاندا خاوەن پێگە بوون. لە ساڵی ١٩٩٣ هەندێك گۆڕانکاریان لە ناو خۆیان پێکهێنا و دروشمی خۆیان لە عەدالەتەوە بۆ ئازادی و گەشەسەندنی سیاسی گوڕی. گرۆپێك لەم ئەنجومەنە کە دژی گۆڕانکاری و ریفۆرمخوازی بوون، ئەنجومەنی ئیسلامیی خوێندکارانیان پێکهێنا کە لە دەیەکانی ٩٠ لایەنی ڕاست لایەنگێری لێ دەکردن. بەڵام پاشتر ئەم لایەنگرییە بە هۆی ڕادیکال بوونی ئەوان نەما. بە گشتی ڕاستی مۆدێرن زیاتر میانەرو، واقیع گەرا و لایەنگری گەشەسەندنی ئابوورییە.

**٣) چەپی مۆدێرن (خاوەن دەسەڵات لە ساڵی ١٩٩٨تا کو ٢٠٠٦ ).**

هەشت ساڵ دوور بوونی چەپی سوننەتی لە دەسەڵات، هۆکارێك بوو بۆئەوەی گۆڕانکاری لە ناو خۆیان بە دی بێنن و چەپی مۆدێرن دابمەزرێنن، ئەم لایەنە کە بە ریفۆرمخوازەکان ناسراون توانیان لە ١٩٩٨ بە دروشمی ئێران بۆ هەمو ئێرانیەکان هەروەها ئازادی و ئازادی مەدەنی دەسەڵات بە دەست بێنن، لە رێکخراوەکانی ئەم لایەنەش دەتوانین ئاماژە بە پارتی متمانەی نەتەوەیی، جەبهەی مشارکەتی ئێرانی ئیسلامیی و.....هتد بکەین کە لە بورای بیروڕا میانەڕەۆنە و گرنگی بە ئاڵوگۆڕی کەلتووری دەدەن.

**٤) ڕاستی ئیفراتی (ڕادیکاڵ) خاوەن دەسەڵات لە ساڵی ٢٠٠٦ تا کو ئەمرۆ.**

ئەم لایەنە کە لە ساڵی ٢٠٠٦ بە سەرۆك کۆماری (مەحمودی ئەحمدی نەژاد) بە دروشمی عەدالەت و بەرابەری گەیشتە دەسەڵات، بە گشتی هاوتەریبە لەگەڵ لایەنی ڕاست، بەڵام تا ڕادەیەك ڕادیکاڵترە لەوان و بە لایەنگرانی (ئیمام خومەینی) دەناسرێنەوە، کە خوازیاری گەڕانەوە بۆ سەردەمی خومەینی و ناردنی شۆڕشی ئیسلاٚمیی بۆ وڵاٚتانیتر، بە تایبەتی خاوەن پێگەنە لە ئەنجۆمەنی پاڕاستنی دەستوور، سۆپای پاسداران و...هتد دەکرێت وەکوو لایەنی ڕاستی گەڕاوەییش باسیان لێوە بکرێت. پێکهاتەی سیاسی ئێران پاش شۆڕشی ئیسلاٚمیی بەو شێوەیە بووە کە هەمو دامودەزگاکانی حکومەتی و کاروبارەکان لە ژێر دەسەڵاٚتی توێژی ڕوحانییەت بوو.

واتە هەر لە سەرەتاوە حالەتێکی ئیستبدادی لە حکومەتی ئایینی ئێران وەدیار دەکەوێت کە لە رێگای زەق کردنەوە و گرنگی دان بە تیۆری ولایەتی فەقی و جێبەجێ کردنی ئەم تیۆرە جۆرێك لە ئیستبدادییەت لەم حکومەتە درووست بوو. هەر چەند وەکوو باس کرا ئەم حالەتە ئیستبدادیە بۆ بنەماڵە وخێزان لە ئاستی کۆمەڵایەتی دەگەرێتەوە. واتە کولتوری سیاسی ئێران کەوتوتە ژێر سترِاکچەری کۆمەڵایەتی. پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی ئێرانیش کە بریتینە لە چینی ناوەڕاستی نوێ، ئەشراف، توێژی خوێندکار و...هتد تا ڕادەیەك کاریگەری دەسەڵات لە سەریان دیارە. ئاستی لاوازی کۆماری ئیسلامیی پاش نەمانی خومەینی لە ساڵی ١٩٩٠ درووست دەبێت. دوای ئەمە بە دەسەڵات گەیشتنی لایەنی ڕاست و دوور بوونی لایەنی چەپی سوننەتی دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی بیروڕاکانی دیموکراسی تەنیا لە ئاستی گوتار (Discourse) پێکبن. لە ئاکام دەبینین لە ساڵی ١٩٩٨ هاتنە سەرکاری ریفۆرمیستەکان (چەپی مۆدێرن) لە ئێران رێگا خۆشکەر بوو، بۆ گەشەسەندنی ئازادی مەدەنی و بزۆتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لەم ولاتە. هەر چەند ئەم رەوتە تووشی کۆمەڵە کوسپ و تەگەرە بووە کە لە لایەن ڕاستی سوننەتی (Conservatism) لە بەر دەمیان داندراوە.

"لە وڵاٚتێکی ئیستبدادگرا وەکوو ئێران سیاسەت لای ئیلیتەکان زیاتر بەردەوام بوون لە سەر شەرە، واتە ناچێتە ژێر کاریگەری کەلتوور یان بەرژەوەندیەکی هاوبەش. بۆیە دەبینین بچوکترین جیاوازی بیرورا دەبێتە هۆی درووستبوونی لێکترازان لە نێوان ئیلیتەکان."[iii] واتە ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان ریفۆرمیستەکان لە فۆنکسیۆنی(Function) سەرۆك کۆمار و ئەنجومەنی شورای ئیسلامیی (Parliament) هەیانبووە و لایەنی ڕاست (Conservatists) کە لە فۆنکسیۆنی بواری رێبەری و دەسەڵاٚتی دادوەری هەیانبووە، وایکرد کە لە رێگا پێدان بە بڵاوبوونەوەی رۆژنامە و گۆڤار لە لایەن دامەزراوەکانی گرێدراو بە دەسەڵاٚتی جێبەجێ کردن لە رێگای دەسەڵاٚتی دادوەری و دامەزراوەکانی سەر بە رێبەری پێشی بگیرێت و گوشار خستنە سەر ریفۆرمیستەکان لەلایەن

کۆنسرڤەتیستەکان روو لە زیاد بوون بکات بە شێوازەك کە (سەید محمدی خاتەمی) سەرۆك کۆماری ریفۆرمخوازی ئێران لە دەورەی دووەمی سەرۆك کۆماری خۆیدا لە ساڵی ٢٠٠٢ بەو لاوە سیاسەتی میانەڕەوی هەلبژارد. بەلام ئەمەش بووە هۆی فشاری کۆنسرڤەتیستەکان، بە شێوازێك کە ریفۆرمیستەکان تەنیا سێ رێگایان لە بەر دەست بوو،

١) بێ دەنگ بوون .

٢) پاشگەز بوونەوە لە دەسەلات و بوون بە قارەمان لە لای خەلك.

٣) ڕادیکاڵ بوون بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بینین .

بەلام سیاسەتی میانەروی خاتەمی (Reformest) بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە لە هەڵبژاردنەکانی دواتری پەرلەمانی، نوێنەرە ریفۆرمیستەکان لە لایەن ئەنجومەنی پاڕاستنی دەستوور رەدکرانەوە، ئەمەش وایکرد کە لە دەورەی دواتری هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ئێران (٢٠٠٦) رێگا بۆ سەرۆك کۆمار (ئەحمدی نەژاد) کە بە لایەنی راستی گەراوەیی ناسرا بوو خوشبکرێت.

## سـەرچاوەکانی بــەشی دووەم:


حسین مدنی/ئێران و سیاسەتی ستراتیجی ئەمریکا, تیشك/ ژ١٦, ساڵی١٨/ خەرەلوەری ٨٤/ص٤٥.

د حسین بشیریە/ جامعە شناسی سیاسی/ نشر نی/چاپ ١١/ تهران ١٣٨٤/ ص١٥٥..

درك کنیان/ ابراهیم یونسی/ کردها و کردستان/ نشرو نگـاه/ چاپ١/تهران١٣٧٦/ص٣٢.

د. حسین بشیریە/ دیباجەای بر جامعە شناسی ایران، دورە جمهوری اسلامی/ نشر ونگـاە معاصر/چاپ اول/ تهران/ ١٣٨١/ ص٢١.

هەمان سەرچاوە/ للپەرە٢١.

٦ ) د. حسین بشیریە/ دیباجەای بر جامعە شناسی ایران، دورە جمهوری اسلامی/ نشر ونگـاە معاصر/چاپ اول/ تهران/ ١٣٨١/ ص١٣

٧) الکساندر ماتیل/ کامران فانی، نورالله مرادی/ دایرەالمعارف ناسیونالیسم/ ٣ جلدی/ کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجە/تهران / زمستان ١٣٨٣/ص١٠٠٥.

٨) حسین مدنی/ کردستان و ستراتژی دولتها/ مترجم فتاح کاویان/ موسسە ترجمە/ چاپ١١/ هولێر ٢٠٠٦/ چاپخانەی منارە/ ص١٢١

٩) د. حسین بشیریە/ دیباجەای بر جامعە شناسی ایران، دورە جمهوری اسلامی/ نشر ونگـاە معاصر/چاپ اول/ تهران/ ١٣٨١/ ص

١٠) ) حمیدرزا زریفی نیا/ کالبدشکافی جناحهای سیاسی در ایران(٥٨ تا٧٨)/ چاپ٣/نشرازادی/ تهران ١٣٧٨/ص٨٨.

١١) سعیدحجاریان / عباس عبدی / سید مصگفی تاج زادە / حمیدرزا جلایی پور / علیرچا علوی تبار, گـفتگـوی انتقادی / اصلاحات در برابر اصلاحات, نشر وزارت فرهنگ و ارشاد, چاپ٢ , تهران , ١٣٨٤/ص٣٥.

**بەشی سێهەم. روژهەڵاتی کوردستـــــــــــــــــان**

**بــوورای جیــــــــــــوپولیتیك.**

**رۆژهەڵاتی کوردستان پارچەیەکە لە پارچەکانی تری کوردستانی گەورە لە بەشی رۆژئاوای ئێران و گەورەترین پارچەیە پاش باکووری کوردستان. ئەم پارچەیە لە روی دابەشکاری جوگرافیەوە لە سەر سێ بەشی باکوور، ناوەند و باشوور بە پێنج پارێزگای سەرەکی دابەش دەبێت کە دانیشتوانیان بە چەندین زاراوەی (لۆر، کەلهۆر، گەرووس، کرمانج، سۆران، لەك و هەورامی)[1] قسە دەکەن و لە رووی ئایین شیعە وسوننی و عەلی اللهی. لە خشتەی خوارەوە ئاماژە بە رێژەی دانیشتوان لە پارێزگاکان و کۆمەڵە بابەتێکی تر دراوە: [2]**

| پارێزگا | بواری جۆگرافی | دانیشتوانی کورد | رێژە لە سەدا |
| --- | --- | --- | --- |
| ئازەربایجان روژئاوا (ورمێ) | باکوور | 1/873/495 | ٦٥٪ هەتا٧٠٪کورد ٣٠٪هەتا ٣٥٪ئازری |
| کوردستان( سنە) | ناوەند | 1/438/543 | ١٠٠٪کورد |
| کرمـــــانشان | ناوەند | 1/879/258 | ١٠٠٪کورد |
| ئیــــلام | باشور | 545/787 | ١٠٠٪کورد |
| لۆرستــان (خورەم ئاوا ) | باشور | 1/716/528 | ٦٠٪لەك ٤٠٪لور |
| کۆی دانیشتوان | | 7/453/575 | |

**هەر بە پێی هەمان سەرچاوەی سەرەوە کۆی دانیشتوان لە کوردستان دەگاتە 7/453/575 کەس بەڵام ئەگەر بێت و 1/300/000یەك میلیون سێسەد هزار کەس لە خۆراسانی باکووری و ناوەندی و هەروەها نزیکەی ١/٠٠٠/٠٠٠ کەس لە ناوچە لۆرنیشینەکانی خووزستان حسێب بکەین، جگە لە مەش ئاماژە بە نزیکەی ١/٠٠٠/٠٠٠ کورد کە لە شارەکانی دیکەی ئێران بە تایبەتی تاران بڵاون، بکەین ئەم رێژەیە دەگاتە نزیکەی ١٠/٧٥٣/٥٧٥ کەس، کە دەکاتە٪١١تا ١٩٪ هەموو دانیشتوانی ئێران.**

**وەکوو ئاماژە پێ کرا لە خشتەی سەرەوە، لە پارێزگای ئازەربایجانی روژئاوا، لە ٦٥٪ هەتا ٧٠٪ ی جەماوەر کوردن، ئەمەش پێشاندەری ئەم ڕاستیەیە کە نزیکەی ٣٠٪ دانیشتوانی ئەم ناوچەیە ئازەرینە، کە ئەم بابەتەش بەدی هێنەری قەیرانی خاکە لەم ناوچەیە کە شەری نەغەدە وێنەیەکی بەرچاوی ئەم قەیرانە بوو.**

**جگە لە مانە گەشەسەندنی ئیسلامیی سیاسی لە ناوچەکانی کوردستان و کرمانشان، ئارام ئارام دەتوانێت لە داهاتوودا لەم ناوچانە قەیران بخۆلقێنێت، کێشەی سەرکی کە دەبێت ئاماژەی پێ بدەین، بریتیە لە بوونی قەیرانی ناسنامە لە ناوچەی لۆرستان، کە ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەرێتەوە:**

**جەماوەری ئەم بەشە ناسنامەیەکی شیعی یان بۆ پێناسە کراوە.**

بوونی تەعەسوبی(Prejudice) مەزهەبی(سۆننییەکان) لە خالی پێکەوە گرێدانی ناوەند و باشوور بە پێی دابەشکارییەکە. بە شێوازێك کە تەعەسوبی سۆننی مەزهەبەکان خالێکی لاواز بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی دەژمێردری.

لاوازی ناسیونالیزمی کوردی لەم ناوچانە کە هۆکاری سەرەکی ئەمەش هەوڵ نەدان یان کەمکاری پارتە کوردییەکانی ئەم بەشەی کوردستانە کە وای کردووە لە نێوان خەڵکی ئەم ناوچەیە دو بیرورا هەبێت :

- هەندێك خۆیان بە کورد بزانن. - هەندێك خۆیان بە بەشێك لە نەتەوەی فارس بناسێنن.

سەرەرای ئەمەش، لای نووسەران سەبارەت بە کورد بوونی لۆرەکان جیاوازی هەیە: بە شێوازێك کە هەندێك لۆر گرێدراو بە نەتەوەی فارس دەزانن، ئەمەش دەگەرێتەوە، بۆ باش سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی. لێرەدا ئێمە تەنیا ئاماژە بە ناوی چەند نووسەرێك دەکەین کە لۆر وەکو بەشێك لە نەتەوەی کورد دەزانن:

| روژهەلات ناسان | نووسەری ئێرانی | نووسەری کورد | لۆر |
|---|---|---|---|
| راولنسن | اسماعیل یورد شاهیان | شەرفخان بەدلیسی | سۆرەیا ئیسسفەندیاری |
| ماسل | احمد کسروی | حبیب الله تابان | علی محمد ساکی |
| لۆریا | | عبدالله غفور | سردار ئەسعەد بەختیاری |
| ریچ | | خۆسرو جاف | |
| | | | ربیع بدیع الزمانی |

کوردستانی گەورە، لە گرنگترین بازنەی ستراتیجیکی و جیوپۆلیتیکی روژهەڵاتی ناوەڕاست هەلکەوتووە،[٣]
کە روژهەڵاتی کوردستانیش لەم بۆارەوە بێبەش نەبووە و لە زۆر بوار وەکوو: بازەرگانی، کشتۆکال، کانزا سروشتیەکان و سەرچاوەکانی ئاو و بە تایبەتی نەوت، گرینگیەکی یەکجار زۆری بۆ ئێران هەیە. بەشێوەیەك کە گرنگترین هەناردەی کەرەستەی بیناسازی ئێران لەم ناوچەیەیە.[٤] لۆرستان و ئیلام و کرمانشان سێ ناوچەی گرنگی ئێران لە رووی هێلی نەوتن، بە شێوازیك کە سەرەتای ئەم هێلە لە دێهلۆرانی ئیلامەوە دەست پێ دەکات هەتا دەگاتە قەسری شیرینی کرمانشان. جگە لەمانە پارێزگای ئازەربایجانی روژئاوا خالی پەیوەندی بازەرگانی ئێران و ئەورووپایە و هەروەها پارێزگاکانی ئیلام و کرمانشانیش خالی پەیوەندی ئێرانن بە سەنتەرە ئاینییەکانی عێراق. گرنگی کوردستان لە رووی کشتوکالییەوە لەوە وەدیار دەکەوێت کە لە ١٢/٥میلیۆن تەنی بەرهەمهێنانی گەنمی ئێران، سێ میلیۆن تەن لە کوردستان بەرهەم دێت، تەنانەت یەك میلیۆن تەن تەنیا تایبەت بە کرمانشانە[٥] پارێزگای کوردستان و لۆرستان هەلبەت (خوزستانیش) سەرچاوەی ئاوی ئێران پێکدێنن. واتە زێی بچووك و رووباری سیروان بۆ نموونە ئاو بۆ دوکان و دەربەندیخان دەنێرن.

ئەم بوارانە گرنگی جیوپۆلیتیك و جیوستراتیجیکی روژهەڵاتی کوردستان زەق دەکەنەوە، بە شێوازێك کە سیگناڵێك دەبێت بۆ ئەوەی کە گرینگیەکی تایبەتی بۆ ئێران هەبێت. لە کوتایی دا دەبێت ئاماژە بە بابەتێك بکەین ،ئەویش بریتییە لەوە کە رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەو هەموو گرینگیانەی کە بۆ وڵاتی ئێران هەیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا وەکوو بەشێکی جۆداییخواز لە ئێران لە لایەن دەسەڵاتداران سەیر کراوە و هەموو کاتێك هەوڵ بۆ سەرکووت کردنی جووڵانەوە جۆراوجۆرەکانی دراوە و هیچ گرینگییەکی پێ نەدراوە لە رووی پیشەسازییەوە و دەبینین ئاستی پیشەسازی لەم بەشەدا زور لاوازە.

**سەر هەلدانی کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان و رۆڵی زلهێزەکان لە تێکشکاندنی کۆمار:**

لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی، واتە دەیەی (٤٠) ناوچەی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ زلهێزەکان خاوەن گرنگی بوو، بە شێوازێك کە بە ناوچەیەکی ستراتیجیك دەناسرا. ئەمەش بە جورێك کە هیتلەر بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕویشتن بەرەو کەنداو و هەرەشە کردن لە سەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و سوڤییەت، پێویستی بە کوردستان هەبوو.[٦] لە لایەکی دیکەوە، بریتانیا و سوڤییەت بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەلمانیا ببنەوە و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خویان بکەن، پێویستسان بە ئێران هەبوو. [٧] لە (٢٥ ئووتی ١٩٤١)بریتانیا و سوڤییەت بە بیانووی جێبەجێ کردنی بێ لایەنی ئێران لە شەڕ، بە رێکەوتنێکی سەربازی هێرشیان کردە سەر ئێران، رەزا شا لە دەسەڵات لادرا و محمەد رەزا شا بوو بە پاشا.[٨]
هەندێك بابەت وەکوو ئایین، چەپگەرایی، ناسیونالیزم، ریفۆرم و...هتد، سەرچاوەی رێکخستن و سەرهەڵدانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی و عەدالەتن.[٩] لەم سەردەمە دا بە هۆی پرۆسەی گەشەسەندنی پیشەیی سەنتەر لە لایەن رەزا شا و پشتگوێ خستنی کەمایەتیەکان، لێکترازان لە نێوان سەنتەر و نەتەوەکان دروست بوو، ئەمەش لە ئاکامی پرۆسەی مۆدێرن سازی و گرنگی دان بە زمانی فارسی و رەد کردنەوەی کەمایەتییەکان بوو.
لەم هەلومەرجدا وریا بونەوەی نەتەوەیی لەنێوان کوردەکان و بە هێز بوونی هەستی ناسیونالیستی بە ئامانجی ڕزگار بوون لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا وایکرد کۆمەڵە رێکخراوێك درووست بن، بە شێوازێك کە لە ساڵی (١٩٤٢) یەکەمین پارتی کوردی بە ناوی پارتی ئازادیخوازی کوردستان بە سەر کردایەتی عەزیز زەندی پێکهات. هەر لەم ساڵەدا رێکخراوی گەنجانی کورد لە رێگای کۆمەڵە گەنجێکی مەهابادی ساز کرا، بەڵام ئەوەی گرنگە و بە خالی وەرچەرخان لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان دادەنرێت، بریتیە لە درووست بوونی کۆمەڵەی (ژ- ك ) لە ئاگۆستی (١٩٤٢) کە هۆکارێکی گۆڕان لە ژیانی کۆمەڵایەتی، کەلتووری و سیاسی کوردستان بوو.[١٠] کۆمەڵەی ( ژ- ك ) لە ستراتیجی خودمختاری بە تاکتیکی نزیك بوونەوە لە سوڤییەت، هەوڵی دەدا بۆ درووست کردنی حکومەتێکی کوردی، بەڵام لەم سەردەمەدا سیاسەتی سۆڤییەت بەو شێوەیە بوو کە لە کاتی شەڕ، ناوچە ئارام بێت و کوردیش هیچ مەترسییەك بۆ حکومەتی ناوەندی درووست نەکات. بە تەواو بوونی شەری دووەمی جیهانی و پەیمانی سێ قۆلی

یالتـا گۆڕانکاری له سیاسه‌ته‌کانی سوڤییه‌ت به‌رامبه‌ر به کورد درووست کرد. به پێی مادده‌ی پێنجی ئه‌م په‌یمانه سۆڤییه‌ت ده‌با به زوترین کات پاشه‌کشی له ئێران بکردایه." بۆیه ده‌بینین کاتێك كه هه‌ندێك له گه‌وره پیاوانی کورد بانگهێشت ده‌کرێن بۆ باکوو، له‌وێ هانده‌درێن به گۆڕینی (ژ- ك) بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ ئه‌وه‌ی به شێوازێکی ئاشکرا کار بکات.

سیگنالی سۆڤییه‌ت به کوردان و هاندانیانن رێگا خوشکه‌ر ده‌بێت بۆ ئه‌وه‌ی له پاییزی (١٩٤٥) حیزبی دیمۆکراتی کوردستان به ستراتیجی و درووشمی خۆدمۆختاری له چوارچێوه‌ی ئێران پێك بێت و سوور بێت له سه‌ر کۆمه‌ڵه داخوازێك وه‌کو خوێندن به زمانی دایکی، درووست بوونی ئه‌نجومه‌نه‌کانی ویلایه‌تی و ...هتد. هه‌روه‌ها به هۆی زیاد بوونی لێکترازانه‌کان له ئاستی ئێران، ئه‌م حیزبه توانیی به سه‌رکردایه‌تی قازی محمد له دووی رێبه‌ندانی (١٩٤٥) کۆماری دیمۆکراتی کوردستان به ستراتیجی سه‌ربه‌خۆیی کوردستان دابمه‌زرێنێت." ئه‌مه‌ش له قسه‌کانی قازی محمد سه‌رۆك کۆماری، کۆماری دیمۆکراتی کوردستان له روژی راگه‌یاندنی کۆمار سه‌بارەت به سه‌ره‌نج نه‌دانی حکومه‌تی ناوه‌ندی به کوردستان وه‌دیار ده‌که‌وێت که لێره ته‌نیا ئاماژه به‌چه‌ند دێرێك ده‌که‌ین:

"ئه‌گه‌ر ئه‌مرو، ئێمه سوورین له سه‌ر مافی خۆدمۆختارییه‌کی بچووك بۆ نیشتیمانه‌که‌مان، ئه‌مه حکومه‌تی ناوه‌ندی تاوانباره، که هیچ هه‌وڵێکی بۆ باش کردنی باری ژیانی ئێمه نه‌داوه. ئێمه خوازیاری پێشکه‌وتنین و ده‌مانه‌وێت لاسای ئه‌مریکا و رووسیا بکه‌ین و......هتد". [13] هه‌رچه‌ند کۆمار توانیی بۆ ماوه‌یه‌کی کۆرتخایه‌ن به شێوه‌یه‌کی باش و کارا حکومه‌ت بکات و توانیی داخوازه‌کانی گه‌لی کورد له‌م به‌شه‌ی کوردستان به‌دی بێنێت، به‌ڵام کۆمه‌ڵێك که‌مو کۆری هه‌بوو که بریتینه له :

- ) حکومه‌تێکی دی فاکتۆ بوو و نه‌یتوانی ئیعترافێکی نێوده‌وله‌تی به‌ده‌ست بێنێت.
- ) له ده‌ستوری ئێران هیچ ماده‌یه‌ك سه‌باره‌ت به‌م بابه‌ته نه‌بوو.
- ) ئه‌گه‌ر ئامانجی کۆمار درووستکردنی کۆمارێکی کوردی بوایه، ده‌بوا بیر له هه‌ر چوار پارچه‌ی کوردستان کرابا. ئه‌گه‌ر ئامانجی کۆمار مانه‌وه‌ی له چوارچێوه‌ی ئێران بوایه، له جێ پشت به‌ستن به سۆڤییه‌ت ده‌بوایه بیری له گفتگۆ له‌گه‌ڵ حکومه‌تی ناوه‌ندی بکردبا.[14]

بویه ده‌بینین کۆماری دیمۆکراتی کوردستان که به هاندانی سۆڤییه‌ت و له روانگه‌ی ئه‌م زلهێزه بۆ به‌ربه‌ره‌کانی ئه‌مریکا و نه‌یارانی سۆڤییه‌ت ساز بووبوو، هه‌ر له به‌ر به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی زلهێزه‌کان تێکشکا. به شێوازێك که له ئاکامی درووست بوونی کۆمار سێ به‌رژه‌وه‌ندی بۆ سۆڤییه‌ت پێناسه کرا:

کارتی گۆشار له سه‌ر تورکیا و بریتانیا و ئه‌مریکا، زیاد کردنی هژموونی سۆڤییه‌ت له رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست،، ده‌ست پێ ڕاگـــــه‌یشتن به نه‌وت.

له ئاکامی تێکشکانی کۆماریش دیسان بەرژەوەندییەك بۆ سۆڤییەت پێناسە کرا، بە جورێك کە بە پاشەکەشی لە خاکی ئێران، توانیی ماوەی (٥٠) سال بە دەست هێنانی نەوت لە حکومەتی ناوەندی ئێران وەربگرێت،[١٥] بۆیە مۆقعێکی وای نەبوو لە تێکشکانی کۆمار.

لە بەرامبەر دا، ئەمریکا زلهێزی دیکەی ناوچە، لەگەڵ ئەوەی هەستی بە سەرکووت کردنی کەمایەتیەکانی ئێران دەکرد لە لایەن حکومەتی ناوەندی، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئێران هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەکە بوو بۆیە کۆماری دیمۆکراتی کوردستانی وەك کۆمارێکی هەڵقوڵاو لە ناخی ناسیونالیزمی کورد سەیر نەدەکرد، بەڵکوو پێی وابوو کە کۆمارێکی دەستکردی سۆڤییەتە، کە هۆکارێك بوو بۆ لەت بوونی ئێران و هەرشە لە سەر ئاسایشی عێراق و تورکیا و ولاتانی ناوچەکە. بۆیە خوازیاری لە ناوچوونی ئەم کۆمارە بوو، لە ئاکامایش دەبینین بە پاشەکەشی سۆڤییەت لە ئێران کۆماری دیمۆکراتی کوردستان پاش (١١) مانگ کارایی و حکومەتداری تێکشکا. " تێکشکانی کۆماریش نەك لە سەر بنەمای ستراتیجی و توانایی ئێران بوو بەڵکوو لە سەر بنەمای بەرژەوزەندی زلهێزەکان بوو."[١٦]

**پاش کۆمار هەتا سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامی:**

دوای رۆخانی کۆمار واتە ساڵی ١٩٤٦ بەولاوە هەتا ساڵی ١٩٧٩ کە شۆرشی گەلانی ئێران دژی رژیمی پەهلەوی روویدا، لە کوردستان شتێکی ئەوتۆ روو نەدا. تەنیا شتێك کە لەم کاتانە رووی دا بریتی بوو لە شۆرشی چەکدارانەی گروپێك لە ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، کە لە حیزب جیا بووبوونەوە و لە ساڵی (١٩٦٨-١٩٦٧) هەڵسان بە شەری چەکداری دژی رژیمی پەهلەوی، بەڵام ئەم شۆرشە زۆر زوو لە لایەن ئەرتشی ئێران تێکشکا.

بە شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و گەرانەوەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە سەرکردایەتی دۆکتۆر عبدالرحمانی قاسملوو بۆ کوردستان، ئەم پارتە توانیی بە هۆی ناسەقامگیری سیاسی و ئاڵۆزی بارودۆخی ناوخۆ دەسەڵات لە کوردستان بگرێتە دەست. هەر لەم رێکەوتەشدا رێکخراوی شۆرشگێرانی زەحمەتکێشانی کوردستان( کۆمەڵە) دادەمەزرێت و هەر لە سەرەتای دامەزراندنیش دا بە هۆی ئایدۆلۆژیای مارکسیستی دەتوانێت لایەنگر بۆخۆی کۆبکاتەوە و ببێتە رێکخراوێکی گرێنگ لە کوردستان پاش حیزبی دیمۆکرات. رێکخراوێکی تر کە دەبێت ئاماژەی پێ بدەین ئەنجۆمەنی مۆسەلمانانی کوردستان بوو کە زیاتر گرینگی بە بیروباری ئایینی دەدا تا کوو بیروباوەری ناسیۆنالیزمی. بەڵام ئەوەی گرنگە و جێگای ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە هەر سێ رێکخراو لە سەر بابەتی خۆدمۆختاری بۆ کوردستان کۆك بوون.

چەمکە کلاسیکییەکان وەکوو نەتەوە، ماڤ دیاری کردنی چارەنووس و... هتد، بزوینەری سەرەکیی بزوتنەوە نەتەوەییەکان بوونە. ناسیۆنالیزم لە روانگەی هابرماس چەند تایبەتمەندییەکی هەیە:

١) خاوەن ناسنامەیەکی نائاییینیە ٢) تێکەڵاو بوونی تایبەتمەندییە کەلتوورییە هاوبەشەکان وەکوو زمان، مێژوو و... هتد.[٧]ئەمەش لەکەڵ هەستی ناسیۆنالیزمی جەماوەری رۆژهەڵاتی کوردستان و داخواستەکانیان بۆگەیشتن بە ماڤ چارەنووسی خۆیان، واتە خودمۆختاری یان فیدرالیزم لە چوارچێوەی ئێران دا هاوتەریب بووە.

بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە روانگەی (باتامۆر)  جۆرێك هەوڵدانی گشتییە بۆ درووست کردنی گۆڕانکاری یان بەرخۆدان لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکان لەو کۆمەڵگایانەی کە خۆمان تێاندا دەژین.[١٨] جولانەوەی ناسیۆنالیزمی لە رۆژهەلاتی کوردستان بە بەشێك لە بزوتنەوە کۆمەڵاتیەکان دێتە هەژمار کە ئەگەر هاتوو گەیشتە ئەو رادەیە کە هەوڵ بۆ بەدەست هێنانی دەسەلات بدات، ئەمە دەبێتە جوولانەوەیەکی سیاسی. جولانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان خاوەن چوار تایبەتمەندی سەرەکییە کە بریتین لە: لێکترازان، جەخت کردن لە سەر ناسیونالیزمی کوردی، بوونی رێکخراو و پارتی، نارەزایەتی دەربرین. بوونی لێکترازانی نەتەوەیی لە ئێران، لە بەرامبەر دا ناسونالیزمی بە هێزی نەتەوەی کورد لەگەڵ هەبوونی رێکخراو گەلی کوردی ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی ئێران هەروەها نارەزایەتی دەربرینی ئەم رێکخراوانە بە نسبەت بارودۆخەکە لە شۆڕشی گەلانی ئێران، هوکارێك بوو بۆ ئەوەی لە روانگەی دەسەلات دارانی ئێران ناوچەی کوردستان بە ناوچەیەکی پرقەیران ناوزەد بکردرێت. ئیلیتەکانی کورد بە جەخت کردن لە سەر جیاوازی خستنی نەتەوەکان لە ئێران توانیان هەستی ناسیونالیزمی جەماوەر ببزوێنن.

سەبارەت بە قەیرانی کوردستان دو بیرورا هەبوو: کۆمەڵێك ( لیبرالەکان ) پێیان وابوو ئەم قەیرانە دەبێت بە رێگەی ئاشتیانە وە گفتگۆ چارەسەر بکردرێت، کۆمەڵێکی تر  بۆنیادگەرایەکان( Fundamentalis) بروایان وابوو کە ئەم قەیرانە تەنیا دەبێت لە رێگای سەربازی و سەرکووت کردن چارەسەر بکردرێت ئەم بیروڕایەش ( گرووپی دووەم) بنەمای ناسیونالیزمی کونسرڤەتیسمی وەدەردەخات کە جەختی لە سەر ئیسلاٚم و یەکگرتوویی ئۆمەتی ئیسلامیی دەکرد. بۆیە لە روانگەی ئەوان کوردەکان بە جوداییخواز دەناسران و دەبوایە سەرکووت کرا بان بەلاٚم بە هوی ئەوەی کە هێشتا کۆماری ئیسلاٚمیی نەگەیشتبوو ئەو رادەیەی سەقامگیری لە ئاستی ئێران، بۆیە دەبینین گفتگۆیەکان(Negotiation ) لە نێوان حکومەتی ناوەندی و کوردەکان دەستی پێکرد، ئەمەش لە حالێك دابوو کە شەری نەقەدە لەم ساڵە دا روی دابوو. پاش دانیشتنی گروپێك لە سەرکردەکانی کورد لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی و وەرگرتنی رەزامەندی ئەوان تا ڕادەیەك، لە ١٨ ئاگۆستی ١٩٨٠ خومەینی فەرمانی شەڕی دژ بە کۆردان دا. هەر لەم کاتەدا بەهەشتی سەرۆکی ئەنجۆمەنی ناخبین (مجلس خبرگان)* دەلێت: "خومەینی بریاری داوە هیچ ئیمتیازێك لە هیچ بوارێك بە کوردان نەدرێت، ئەم ئیمتیازانە نەك هەر بە کوردەکان، بەلکوو بە هیچ نەتەوەیەکی دیکە لە ئێران نادرێت" [١٩]هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی کوردەکان لە کاتی گفتگۆکان دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی کە بریتین لە:

---

* مجلس خبرگان: ئەم ئەنجۆمەنە ٨٦ کۆرسیی لە خۆ دەگرێت و بە پێی دەستووری ئێران(قانون اساسی) ئەرکەکەی بریتییە لە چاودێری بە سەر کارەکانی رێبەر و لادانی رێبەر لەو کاتەی کە پێویست بێت.

١) حکومەتی ناوەندی خوازیاری گفتگۆ لەگەڵ کوردەکان نەبوو و ئەگەر گفتگۆشی کرد تەنیا بە هۆی ناسەقامگیری بارودۆخی ئێران، هەروەها لە ئارادا بوونی شەری ئێران و عێراق بوو. مەبەستی ئەوە بوو کە ناوچەی کوردستان لەم کاتەدا ئارام بێت.

٢) هەرچەندە حکومەتی کاتی خوازیاری چارەسەری کێشەکان بوو، بەڵام فەرمانی سەرەکی لە سەرەوە واتە لە لایەن خۆمەینی وەکو دەسەڵاتی یەکەم دەردەچوو.

٣) نەبوونی یەکگرتوویی لە نێوان پارتە کوردییەکان، بە شێوازێك کە هەرکامیان دەیەویست هەژموونی خۆی لە کوردستان زیاتر بکات.

ئەمانە هەمووی هۆی شکست هێنانی رەوتی گفتگۆکان لە نێوان کوردەکان و حکومەتی ناوەندی بوو. لە ئاکامی دژایەتی حکومەتی ناوەندی، ئالترناتیڤی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد بەرخۆدان و خەباتی چەکدارانە دژی حکومەتی ناوەندی بوو بە شێوەیەك کە شەڕی کوردستان دەستی پێکرد و لە ساڵی ١٩٨١ سۆپا و ئەرتشی ئێران توانیان لە بەشێك لە شارەکانی کوردستان جێگیر بن و لە ساڵانی ١٩٨١ تا ١٩٨٥ بە گشتی نەیارانی کۆماری ئیسلامی واتە کۆمەڵە و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەم بەشەی کوردستان دەرکران و لە باشووری کوردستان جێگیر بوون.

لە ساڵی ١٩٩٦ بەولاوە دابرانێکی جۆگرافی لە نێوان جەماوەری کوردستان و پارتەکان درووست دەبێت. لە دەیەی کۆتاییەکانی نەوەد بە هۆی تێکشکانی قۆدسییەتی (Enshrine) ئەم پارتانە بە تایبەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەبەر ئاشکرا بوونی ناکۆکییە ناوخۆییەکان، دەبینین دابرانێکی هزریش لە نێوان جەماوەر و پارتەکان درووست بووە. ئەمەش وای کردووە کە ئیلیتەکان لە ناوخۆی کوردستان ئیتر جەخت لە سەر ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی نەکەنەوە، بەلکوو هاتنە کایەی ناسیۆنالیزمی دۆکتۆرینی ( یاسایی) لە لایەن ریفۆرمیستەکان لە ساڵی ١٩٩٨ بەولاوە و جەخت کردن لە سەر درۆشمی ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی ئیلیتەکانی کوردستان جەخت لە سەر میکانیزمی یاسایی وئاشتییانە بکەن و هاودەنگ لەگەڵ بزوتنەوەی ریفۆرم خوازەکان بن.

لە بەرامبەر دا، پارتە کوردییەکانی ئێران لە باشووری کوردستان وەکو ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی ئێران هەر لە هەوڵ و تێکوشان دان بۆ رزگاری نەتەوەیی. خاڵێکی گرینگ بە نیسبەت ئەو پارتانە لە تێروانینیان سەبارەت بە شێوەی خەبات رەنگدەداتەوە، بە جۆرێك کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان هەڵگری تێروانینێکی ئایدیالییە کە خاوەن ئەم تێروانینەش عبدالله حەسەن زادەیە. راتە بە پێی ئەم تێروانینە بوونی هاوبەستی لە کوردستان بە شێوازێکە کە ئەگەر هاتوو پارچەیەك ئازاد بوو نابێت لە پێناو بەرژەوەندی پارچەیەك(رۆژهەلات) بەرژەوەندییەکانی بەشە رزگار بووەکە(باشوور) مەترسی بۆدروست بێت. لە بەرامبەر ئەو بیروڕایە، تێروانینێکی ریالیستیش هەیە کە هین پژاك و pkkیە. واتە لە سەر ئەو بروایەن کە هاوبەستی کوردستان بە شێوازێکە نابێت لە پێناو بەرژەوەندییەکانی پارچەیەك(باشوور)، خەباتی رۆژهەلات و باکوور خەساو بێت. هەنووکە رێژەی ئەم پارتانە بریتین لە چەندین پارتی کە لێرە دا تەنیا ئاماژە بە پارتە سەرەکییەکان دەکەین:

1) حیزبی دیمۆكراتی كوردستانی ئێران به‌ سه‌رۆكایه‌تی مسته‌فا هیجری، كه‌ له‌ كۆنگره‌ سێزده‌هه‌م (٢٠٠٣) خوازیاری سیسته‌می فیدرالی بۆ ئێران بوون.

2) حێزبی دیمۆكراتی كوردستان _ ئێران، به‌ سكرتێری خالیدی عه‌زیزی كه‌ له‌ ساڵی 2007 له‌ حیزبی دیمۆكراتی كوردستانی ئێران جیا بووه‌ و له‌ كۆنگره‌ی چوارده‌هه‌م (٢٠٠٨)خوازیاری دامه‌زراندنی كۆماری كوردستان له‌ چوارچێوه‌ی ئێرانێكی فێدرالن.

3) كۆمه‌ڵه‌ شۆرشگێری زه‌حمه‌تكێشانی كوردستانی ئێران به‌ سكرتێری عبدالله‌ مۆهته‌دی كه‌ له‌ ساڵی 2000 له‌ كۆمه‌ڵه‌ی كۆمۆنیست جیا بوونه‌وه‌ وه‌ له‌ كۆنگره‌ی ده‌یه‌م(2004) لایه‌نگرییان له‌ فیدرالییه‌ت بۆ ئێران كرد.

4) كۆمه‌ڵه‌ شۆرشگێری زه‌حمه‌تكێشانی كوردستانی ئێران ، ره‌وتی ریفۆرم و گه‌شه‌ به‌ وته‌بێژی عمری ئیلخانی زاده‌ كه‌ له‌ ساڵی 2007 له‌ كۆمه‌ڵه‌ی شۆرشگێری زه‌حمه‌تكێشانی كوردستانی ئێران جیا بوونه‌ته‌وه‌. به‌ڵام هێشتا كۆنگره‌یان نه‌گرتووه‌.

5) پارتی ژیانی ئازادی كوردستان (پژاك) به‌ سكرتێری عبدالرحمان حاجی ئه‌حمه‌ددی ، كه‌ به‌ باڵی رۆژهه‌ڵاتی pkk ناسراون و له‌ كۆنگره‌ی دووه‌م(٢٠٠٨) خوازیاری سیسته‌می كۆنفیدرالین.

سەرچاوەکانی بەشی سێهەم:

١) اسماعيل يورد شاهيان / تبار شناسى قومى و حيات ملى / نشر فرزان روز /چاپ اول / تهران ١٣٨٠ /ص٢٤.
٢) www.org.irمرکز امار ایران.
٣) حسين مدنى / فتاح كاويان / كردستان و استراتژ ى دولتها / موسسه ترجمه {دةزطاي وةرطيران} / چاپ ١/ چابخانه ى مناره / هولير{ هه ولير} ٢٠٠۶.ص١٣۴.
٤)گوڤاری توێژینەوە / ژمارە ٩/ سالی دووەم/ کانونی یەکەم ٢٠٠٦ / چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە / هەولێر ٢٠٠٦/زریان رۆژهەلاتی / پرسە ستراتیجییەکانی بەردەم جولانەوەی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەلات/ص٣٣.
٥)رۆژنامەی کوردستان/ ئۆرگانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان / ژمارە ٧٥ / بەشی هەوال / لاپەرە٢.
6)جفرى كمپ و رابرت هاركاوى/ سيد مهدى حسينى متين /جغرافياى استراتژيک خاورميانه / پژوهشكده مطالعات راهبردى غيرانتفاعى /چاپ اول / تهران /زمستان ٨٣ / دو جلدى/.جلد١/ص١٧٥.
٧)هەمان سەرچاوە.
٨)نەوشیروان مستەفا/حکوومەتی کوردستان/ بلاوکراوەی سەنتەری ستراتیجیی کوردستان/چاپی سێیەم/ سلێمانی٢٠٠٧/.ص٤٣.
9)فصلنامةي روَژف ( سياسي, اجتكاعي , فرهنگي ) / شمارة ٢ و٣ / تابستان و پاييز *١٣٨٥ / گفتگو با محمد قآزي/ص٤٧.*
١٠)د.افراسیاو هەورامی / کورد لە ئارشیڤی روسیا و سۆڤییێت دا /بلاوکراوەی موکریانی/ چاپی یەکەم /٢٠٠٦/.ص٣٥.
*11)جفرى كمپ* و رابرت هاركاوى/ سيد مهدى حسينى متين /جغرافياى استراتژيک خاورميانه / پژوهشكده مطالعات راهبردى غيرانتفاعى /چاپ اول / تهران /زمستان ٨٣ / دو جلدى/.جلد١/ص١٧٩.
١٢)نەوشیروان مستەفا/حکوومەتی کوردستان/بلاوکراوەی سەنتەری ستراتیجیی کوردستان/چاپ سێیەم/سلێمانی٢٠٠٧/..ص٥٥.
13)فصلنامةي روَژف ( سياسي, اجتكاعي , فرهنگي ) / شمارة ٢ و٣ / تابستان و پاييز *١٣٨٥/* يونس عباس زادة /جمهوري كوردستان و تجربةي عدم تمركز در ايران معاصر/.ص٥٩.
١٤)هەمان سەرچاوە/لاپەرە٦٢.
١٥)عمر نورەددینی/ سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد( کوردستان عراق وەك نموونە) /وەزارەتی رۆشنبیری / چاپی ١/هەولێر ٢٠٠٣.
١٦) هەمان سەرچاوە.
١٧)فصلنامة فرهنگي / ادبي ، اجتماعي زريّبار / سال دهم/ شمارة ٦ / بهار ١٣٨٥./ محمد شاهد علوي / جنبش هاي قومي / ص ٨٧ تا ١١٥.
١٨)فصلنامةي روَژف ( سياسي, اجتكاعي , فرهنگي ) / شمارة ٢ و٣ / تابستان و پاييز *١٣٨٥* / / صباح مفيدي / گزري بر عدم تمركز خواهي سياسي در ايران/١١٢.

بەشی چــوارەم / خالی پەیوەندی

## گرژییەکانی نێـوان ئیـــران و ئەمریکا

### بیانووکانی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران

شۆرشی سالَی ١٩٧٩ و سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلَامی لە ئێران بوو بە هۆی گۆران لە هاوسەنگی(Jiustratijy) کەنداو.[١] ئەمە بە شێوەیەك بوو کە وای کرد لە ئاستی نێونەتەوەییدا تێروانینی تازە سەبارەت بەم رووداوە بێتە دی. هەر چەند، ئەمریکا لە سەرەتاوە رژێمی تازەیی ئێرانی بە فەرمی ناسی، بەڵام بە سەر هەڵدانی کۆماری ئیسلامی، ئێران لە حالەتی باشترین هاوپەیمانی ئەمریکا بوو بە خەراپترین دوژمن و نەیاری ئەم زلهێزە.

بە شێوازێك کە سەرەتای گرژییەکانی ئەم دوو وڵاتە، لە دەست بە سەر کردنی ئەندامانی بالویزخانەی ئەمریکا لە تاران رەنگدانەوەی هەبوو، لە سەردەمی سەروك کۆماری *(JEAMI CARTER)* ئەم گرژییانە تا هەنووکەش بەردەوام بوونیان هەیە، ئەمەش وای کردووە کە سیاسەتەکانی لێك جیا لە لایەن ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لە قۆناغە جیاوازەکان، بۆ هەلسووکەت لە گەل ئەم رژێمە رەچاو بکرێت. ئەوەی لێرە دا گرنگە ئەوەیە کە ئەمریکا، ئێران وەکو کۆسپێك لە پێناو مسۆگەر کردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەدا دەبینێت. بۆیە لە سەر ئەم برِوایەیە کە بە هەر شێوەیەك بووە دەبێت ئێران کۆنترۆڵ بکات، چ رێگای (Diplomacy) واتە گفتگۆ و دانۆستان یان بە رێگای سەربازی یاخۆد هەر رێگایەکی دیکە. دەبینین لە کاتە جۆراوجۆرەکان ئەم دوو وڵاتە لە پێناو بەرژەوەندییەکانیان یەکتریان لە ئاستی نێونەتەوەیی بە کردەوەی جیاواز تۆمەتبار کردووە. لەم پێناوە دا ئەمریکا چەند بیانویەکی دژی ئێران بە کار هێناوە:[٢]

١) ئێران تومەتبار دەکات کە دەست لە کارۆباری ناوخۆی عیراق وەردەدات وەك پشگیری کردنی میلیشیای شیعە (سوپای مەهدی) سەر بە کوتلەی موفتەدا سەدر.

٢) پشگیری کردنی گروپە چەکدارەکانی تێروریست لە ناو خاکی عیراق لە روِی مادی و پێدانی کەلوپەلی سەربازی، هەروەها مەشق پێکردنی ئەم گروپانە وە ئامادەکردنییان بۆ ئەنجامدانی کاری توندوتیژی لە لایەن سوپای پاسدارانەوە.

٣) کوسپ دەخاتە لە بەردەم رەوتی ئاشتی ئیسرائییل و عەرەب لە رێگای یارمەتیدانی حەماس و حزب الله.

لێرەدا ئاماژە بە دوو بیانووی ئەمریکا لە بەرامبەر ئێران دەکەین:

١) وزەی نــاوەکی. ٢) پێشێل کردنی مافی مروڤ.

**وزەی نــــــاوەکی**

گرنگترین بیانووی ئەمریکا دژی ئێران کە وەکوو کارتێکی گوشار کەڵکی لێ وەردەگیرێت بریتیە لە پرسی(Issue) وزەی ناوەکی ئێران. پرسیار ئەوەیە: وڵاتێکی وەکوو ئێران، بەو هەموو سەرچاوەی نەوت و گاز کە هەیەتی، بۆ پێویستی بە بەرهەم هێنانی وزەی ناوەکی یە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە: کە بە پێی ئامارەکان لە ماوەی بیست ساڵی داهاتوو دا ئێران دەبێتە یەکێك لەو وڵاتانەی کە نەوت لە وڵاتانی دیکە دەکرێت. هەروەها لەگەڵ زیادبوونی رادەی دانیشتوو کە بە پێی ئامارەکان لە هەفتا ملیۆن کەسەوە دەبێتە صەدوو پێنج ملیون کەس تا ساڵی (٢٠٥٠)، بۆیە پێویستی بە ئالتێرناتیڤێك هەیە بۆ دەربازبوون لە کێشە وزە، کە ئەویش دەخوازێت لە رێگای بە دەست هێنانی وزەی ناوەکی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.[٣] ئەگەر بە پێی رەوتی مێژوو لەم بابەتە بکۆڵینەوە شای ئێران بۆ پرۆسەی بە هێزبوونی ئێران بە رێگای وزەی ناوەکێیەوە پێشوازی دەکرد، چونکە لەو کاتەدا ئێران بە هاوپەیمانی ئەمەریکاش دەناسرا بۆیە کێشەیەك لە پێناو بە هێزبوونی ئێران لەم بوارەدا لە ئارا دا نەبوو، دەبینین لە سەردەمی شای ئێراندا بیست ریاکتۆری نەوەوی بەرهەم هێنرا، هەروەها لە رێگای کۆمپانیا ئەلمانیەکانەوە هەوڵ درا بۆ سازکردنی بنکەی نەوەوی بووشێهر.[٤] لە سەرەتای سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامی خۆمەینی دژی بەهێزبوون لە بواری وزەی ناوەکی بوو و ئەو رایەی هەبوو کە ئەم شتە تەکنولوژیای رۆژئاوایە و پێویست ناکات کەڵکی لێ وەرگرین.[٥] بەڵام دەبینین پاش مردنی خۆمەینی، کاربە دەستانی ئێرانی دوای ئەوەی کە سەددام لەمووشەکی سکۆدی عێراقی و چەکی کیمیایی دژ بە هێزە زەوینیەکانی ئێران کەڵکی وەرگرت، ئەوان هەوڵیان دا بۆ بەدەست هێنانی وزەی ناوەکی، هەنووکەش بە پەلە هەوڵی دەست ڕاگەیشتن بە وزەی ناوەکی دەدەن.[٦]

(هێنری کیسنجر) لــە بابەتێك کە ساڵی ٢٠٠٥ لە واشینتۆن پۆست بلاّوکراوە نووسی:"بۆ بەرهەم هێنەرێکی گەورەی نەوت وەکو ئێران گەیشتن بە وزەی ناوەکی جۆرێك لەزێدەرەوییە.[٧] ئەمە لە کاتێکدا بوو کە سی ساڵ لەوە پێش کیسنجر لە پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گۆتبووی،" بەرهەم هێنانی کارەبا بە رێگای وزەی ناوەکی بو ئابووری ئێران زۆر پێویستە. ئەمەش دەربڕی گۆڕانکارییە لە گووتاری سیاسی و دیپلوماسی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران. ئێران گەیشتن بە وزەی ناوەکی بە مافی سروشتی خۆی دەزانێت، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیش بەردەوام لە هەوڵدان دابوونە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئێران، بە مەبەستی راگرتنی پیتاندنی یورانیوم و پاشگەز بوونەوەی ئێران لەهەوڵدان بۆ بە دەست هێنانی وزەی ناوەکی.

**پێـشێل کردنی مــــافی مروڤ له ئیـّران:**

یەك لە میكانیزمەكانی تری ئەمریكا بۆ گوشار خستنە سەر ئێران و كەڵك وەرگرتن لە پێشێل كردنی مافی مروڤ/ لە ئیـّرانە. بە پێی راپۆرتی ساڵی٢٠٠٧ (*human rights watch*) مافی ئازادی ڕادەبرین لە ئێران بەرەو خراپی هەنگاوی هەڵێناوە، بە پێی سەرچاوەی ئاماژە پێكراو لە سالی ٢٠٠٠ بەولاوە پرۆسەی داخستنی روژنامە جۆراوجۆرەكان و دەستگیر كردنی روژنامە نووسان و سەر نووسەران پەرەی سەندووە.[٨] ئەمەش وەكوو باس كرا، بە هۆی بەردەوام بوونی سیاسەتی میانەرەوی خاتمی سەروك كۆماری ئەو كات و دژایەتی كردنی دام و دەزگاكانی سەر بە ویلایەتی فەقیی (رێبەر) بووە كە لە بەشی دووەم ئاماژەی پێدراوە، یەك لەو كەسانەی كە لەم ماوەیەدا گیراوە زەهرا كازمی خەلكی كەنەدا بە رەگەز ئێرانی بووە، كە لە سالی ٢٠٠٣ دەستبەسەر كرا و لە بەندی خانەش بە هۆی ئەشكەنجەوە كوژرا. وێنەی تر گرتنی چالاك وانی ئەمریكی بە رەگەز ئێرانی (هالە ئەسفەندیاریش) گرنگە ئاماژەی پیّ بدرێت، كە ئەندامی سەنتەری( ودرۆو ویلسۆنە) بەوە تومەتبار كرا بوو كە هەوڵی داوە بۆ كار كردن دژی حكومەتی تاران. لە بەرامبەر ئەوەش دا هامیلتون (Hamilton) سەرۆكی سەنتەری ناوبراو لە ئەمریكا سەبارەت بەم بابەتە گۆتی: "ئیسفەندیاری لە هیچ كارێك كە دژی حكومەتی تاران بێت بەشداری نەكردووە." [٩] گرنگترین و تازەترین وێنە كە سەبارەت بە پێشێل كردنی مافی مروڤ، لە ئێران دەتوانین باسی لێوە بكەین، گیرانی دوو روژنامە نووسی كورد بە ناوی (عەدنان حەسەن پور) و( هیوا بووتیمار) ە. ناوبراوان بەوە تومەتبار كراون كە چالاكییان دژ بە سیستەمی حكومەت نوواندووە، هەروەها حوكمی لە سێدارەدانیان بە سەردا سەپاوە. جگە لە وانە رەتكردنەوەی زۆرینەی پالێوراوەكانی ریفۆرمیستەكان لە هەلبژاردنەكانی ساڵی ٢٠٠٨ ی پەرلەمانی ئێران  لە رێگای ئەنجومەنی پاراستنی دەستوریش بابەتێكی گرنگە كە دەبیت ئاماژەی پیّ بدەین. بالا دەستی و چاودێری ئەنجومەنی پاراستنی دەستور لە سەر پەرلەمان وای كردووە كە زۆربەی پرۆژە پەسەند كراوەكانی پەرلەمان سەبارەت بە ماڤی ژنان، یاسای خێزان و... هتد رەتبكرێنەوە. پێشێل كردنی ماڤی مروڤ، و نەبونی ئازادی ڕادەربرین لە ئێران گەیشتوتە ئەو ڕادەیەی كە لە روانگەی روژنامەنووسانی بیّ سنور، ئێران گەورەترین بەندیخانەی روژنامەنووسانی روژهەلاتی ناوەراستە. [١٠]

ئێران لە سیاسەتی دەرەكی خۆی بە زەق كردنەوەی وزەی ناوەكی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا هەوڵی شاردنەوەی پێشێل كاریەكانی پێوەست بە مافی مرۆڤ/ دەدات، ئەمەش شتێكی ئاساییە كە حكومەت بۆ مانەوەی خۆی لە دسەلات بە پێویست دەزانێت تا پێش هەر گۆتار ( Discurse) لە ناوخۆ بگرێت، كە خەلك هان نەدرێن بۆ درووست كردنی شورشێكی جەماوری.

**سیـــــاسەت گـــــەلی دژایــــــەتی ئێـــــران .**

لە بەرامبەر ئەو بیانوویانەی ئەمریکا دژ بە ئێران، ئێرانیش سیاسەتی دژایەتی بەرامبەر بە ئەمریکا هەلبژاردووە کە ئەویش بریتیە لەوەی کەڵك لە هەر ڕێگایەك وەرگرێت وەك ستراتیجی خۆی بۆ تێکدانی بارودوخی ناوچەکە.[١١]
ئەمریکا لە ناوچە پێویستی بە پێگەیەکی بە هێز هەیە لێرەدایە کە گرنگی مصر و تورکیا و سعوودیا وکویت، ئیسراییل، بۆ ئەمریکا وەدەردەکەوێت، بەڵام کارتێکی گوشار لەم نێوەندەدا کەئێران دژ بە ئەمریکا بە کاری دێنێت کەڵك وەرگرتن لە چەمکی تیرۆریزم لەو ناوچەیەدا، بە شێوەیەك کە ئەمەش لە یارمەتیدانی گروپە تیرۆریستەکانی ناو عراق بە شێوەی ناراستەوخو یارمەتی دانی حەماس لە فەلەستین وە حزب الله لە لۆبنان دژ بە ئیسراییل. نموونەی ئەمەش یارمەتی دووصەد میلیون $ ئێران بە حەماس.[١٢]
لە ناوچوونی حکومەتگەلی نەیاری ئێران واتە تالبان لە ئەفغانستان و حکومەتی بەعس لە عێراق لە ڕێگای ئەمریکاوە، هەرچەندە کومەڵە بەرژەوەندیەکی بۆ ئەمریکا لە ئاستی ناوچە پێناسە کرد، بەڵام زیاتر بووە هۆی بەهێزبوونی پێگەی ئێران لەناوچە و درووست بوونی هەرەشەیەك بۆ سەر ئەمریکا و ئیسراییل. ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە شەری ٢٠٠٦ی نێوان ئیسرائیل وحزب الله دیاردەبێت، کە لە ڕوانگەی هەندێك کەس ئەمە شەڕی نێوان ئێران و ئەمریکا بوو لە خاکی لبنان.[١٣]
لە ناوچوونی سەدام و درووست بوونی حکومەتی فیدراڵ لە عیراق تا ڕادەیەك لە بەرژەوەندی ئێران بوو، هەر چەند هەموو هەوڵی ئەمریکا ئەوە بوو کە پێشی درووست بوونی حکومەتێکی کۆماری ئیسلامی هاوشێوەی ئێران لە عیراق بگرێت بەلام لە گەل ئەوەشدا بە دەسەلات گەیشتنی شیعەکان لە عیراق بە قازانجی ئێران تەواو بوو، و ئێران توانی لە سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە ڕچاو کردنی ئەم کارتانە هێندێك جار ببێتە هۆی لاوازی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە.[١٤]
هەڵوێستی عبدوالعزیز حکیم سەبارەت بەوەی " گفتگوی ئێران و ئەمریکا لە بەرژەوەندی عیراق دایە" هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی کە هەر دوڵا لە سالی ٢٠٠٦ بیر لەگفتگۆ بکەنەوە، ئەمەش هیچ ئاکامەکی لێ نەکەوتووە.[١٥]
هەرچەند پێشتریش سەبارەت بە بابەتە جیاوازەکان، گفتگۆ لە نێوان ئێران و ئەمریکا ڕوی دابوو، (بۆ نموونە دەرچوونی فەرمانی بووش لە سالی ٢٠٠١ بۆ گفتگۆ لەگەل حکومەتی تاران سەبارەت بە لێدانی ئەفغانستان) بەڵام لە گەڵ ئەوشدا زورینەی نیوکونسرواتیستەکان (New conservatists) لە ئەمریکا دژی گفتگۆ کردن و دانۆستان لە گەل حکومەتی تارانن، و بەو باوەڕەن کە کێشەی ئەمریکا و ئێران تەنیا لە ڕێگەی هێرشی سەربازی سەر ئێران چارەسەر دەبێت. داوای ئەمریکا بە گفتگۆ لەگەل ئێران تەنیا لە بەر ئەوەیە کە کۆشکی سپی لە نێوان لێدانی ئێران و ئێرانێکی بە هێز، (خاوەن وزەی ناوەکی) باشترین میکانیزم و ڕێگا دانوستان دەزانێت.

**سیستەمی فیـــدرال لە عیراق و بوونی حکومەتێکی فیـــدرال لە باکوری عیراق.**

گریمانــەکەی ئێمە بریتییە لە: کە بە ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، حکومـەتێکی فیـدراڵ لە رۆژهەڵاتی کوردســتان، هاوشێوەی باشووری کودرستان دادەمەزرێت. بۆیە بۆ سەلماندن یان رەتکردنەوەی گریمانەکەمان پێویستە باسی سیستەمی فیدرالی عیراق و حکومەتی فیدرال لە باکووری عێراق ( کوردستان ) لە ئەنجامی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و خەباتی باشووری کوردستان بکەین. بە درێژایی مێژو دژایەتی و ململانێ لە نێوان کوردەکانی باشوری کوردستان و حکومەتی عیراقی هەبووە. گرنگترینیان، دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول و پاشان رێکەوتننامەی الجزائر بووە کە حکومەتی عێراقی بەشێك بوو لەم رێکەوتنامەیە، هەروەها کیمیا باران کردنی هەلەبجە و راپەرینی سالی ۱۹۹۱ جێگای ئاماژە پێدانن. کۆچرەوەکەی سالی ۱۹۹۱ و گرنگیدانی ڕای گشتی جیهانی بووە هۆی سەرەنجدانی کۆمەلگای نێونەتەوەیی بە کوردەکان و بواری رەخساند بۆ درووست بوونی ئۆتونومییەك لە باشووری کوردستان. بە شێوازێك کە کورد توانیی لە کەش و هەوایەکی ئازاد و دیمۆکراتیك هەلبژاردن لە سالی ۱۹۹۲ بەرێوە بەرێت. لە مارسی ۲۰۰۳ ئەمریکا هێرشی کۆتایی کردە سەر عیراق و حکومەتی بەعس لەم ولاتە رۆخا، پاشان لە ئاکامی نووسینەوەی دەستووری تازەی عیراقی و بە بەشداری نوێنەرانی کورد لە بەغدا، کورد توانیی زوربەی ئەو مافانەی کە مەبەستی بوو وەکوو دان پێدانی حکومەتی مەرکەزی بەسیستەمی فیدراڵی، مانەوەی پێشمەرگە و بەشداری لە کۆنترۆڵی نەوت و سامانەسروشتیەکانی بە دەست هێنا.

فیدرالیزم (*Federalism*) لە مانا دا واتە یەکگرتویی و بریتیە لە سیستەمێکی سیاسی کە تیایدا هەموو یەکە سیاسیەکانی سەربەخو بەشێك لەدەسەڵاتیان بە هۆی بەدی هاتنی ولاتێکی بە هێز دەدرێتە یەکەیەکی ناوەندی.[١٦]

حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکوو حکومەتێکی فیدراڵ لە ئاستی عێراقدا خاوەن دەسەڵاتی بەرێوەبردنی کوردستانە و پەرلەمانێکی هەلبژێردراوە. جگە لە مانەش نوێنەرانی کورد لە بەغدا بەشدارن لە بەرێوەبردنی حکومەتی ناوەندی، بە شێوەیەك کە چەندین وەزارەت بەدەستی کوردانەوە بەرێوە دەچێت، بە تایبەت کورد پۆستی سەرۆك کۆماری و وەزارەتی کارۆباری دەرەوەی عێراقی بە دەست هێناوە.

بۆیە دەبینین لە گەل ئەوەی کە هێشتا کومەڵە کێشەیەکی وەکو گەرانەوەی کەرکوك و ناوچە دابراوەکان چارەسەر نەکراون، بەلام مادەیەك لە دستووری عیراقی بە هەوڵ و تێکوشانی نوێنەرانیکورد دیاری کراوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشانە لە جێبەجێ کردنی رێفراندومێکی ئازاد. بۆیە دەبینین ئەم بوارانە هەموو بوونەتە هۆی ئەوەی خالێکی وەرچەرخان لە عیراق بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی درووست بێت.[١٧]

هەروەها کورد توانییەتی بە دەسەڵاتدار بوون لەم بەشەی عیراق کۆمەلە خالێکی بەرژەوەندی بۆ ئەمریکا بەدی بێنێت، بە شێوەیەك کە پەیوەندداره لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا، وەکو سەقامگیری و ئەمنییەتی ناوچە، کە مەبەستی "کونسرڤەتیستەنوێکانی ئەمریکایە. لە ئاکامدا ئاماژە پێدان بەم بابەتە بە پێویست دەزانین کە بلێین:درووست بوونی حکومەتێکی فیدرال لە هەرێمی کوردستان بووە هۆی نیگەرانی ولاتانی ئێران و تورکیا وسوریا، بە شێوازێك کە دەسەلاتدارانی ئێرانی بە راشکاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئیسرائیلێکی نوێ ناو دەبەن.[١٨]

**ســـەرچاوەکانی بـــەشی چـــوارەم:**

*1) جفری کمپ و رابرت هارکاوی/* سید مهدی حسینی متین /جغرافیای استراتژیک خاورمیانه / پژوهشکده مطالعات راهبردی غیرانتفاعی /چاپ اول / تهران /زمستان 83 / دو جلدی/.جلد1/.ص181.

٢)کتاب امریکا ويژة دکترين امنيت ملی بوش در خاورميانة/موسسة فرهنگی و تحقيقات بين المللی ابرار معاصر تهران/-چاپ١ / مهر٨٢ /مجموعة مقالات/استراتيجی امريکا در خاورميانة و روند يکجانبةگرايی در نظام بين المللی / رحمان قهرمان پور./ص٢٢.
٣) گری سيك / روابط امريكا با ايران / سايت گنگرس امريكا /چشم انداز ايران ٣٢ / تير ومرداد ١٣٨٤ / ص ١٦٦.
٤) ابراهيم يزدي / ايران و فن اوري هستةاي/ افتاب( ماهنامة)/ شمارة٢٩/ سال سوم/ مهر٨٢/ص٣٩.
٥) گری سيك / روابط امريكا با ايران / سايت گنگرس امريكا /چشم انداز ايران ٣٢ / تير ومرداد ١٣٨٤ /ص ١٦٦.
*۶) جفری کمپ و رابرت هارکاوی/* سید مهدی حسینی متین /جغرافیای استراتژیک خاورمیانه / پژوهشکده مطالعات راهبردی غیرانتفاعی /چاپ اول / تهران /زمستان ٨٣ / دو جلدی/.جلد١/ص٢٤٨.
٧) گاردين/ ٢٠٠۶/۶/١٩/ ايران در ايينةي مطبوعات/ سينا ملكي /چشم انداز ايران ٣٩/ شهريور و مهر ١٣٨٥/ص١٣٧.
٨)گزارش سال ٢٠٠٧/ Human rights watch/ www.hrw.org/ www.yahoo/search/ foreign
٩) نيويورك تايمز٢٢/٢٠٠٧/٥/ ايران در ايينةي مطبوعات/ سينا ملكي/چشم انداز ايران ٣٩/ شهريور و مهر ١٣٨٥/ص١٤٥.
١٠) گری سيك / روابط امريكا با ايران / سايت گنگرس امريكا /چشم انداز ايران ٣٢ / تير ومرداد ١٣٨٤ /ص ١٦٦.
**١١) نورا بێنساهێل / دانيال ل.بيمان / مەريوان کاکل / هێمن غەنی / ئاییندەی بارودۆخی ئاسايش لە رۆژهەڵاتی ناوڕاست دا /بڵاوکراوەی ئاراس / چاپی يەکەم /هەولێر٢٠٠٧./ص٤٦.**
١٢) VOA Persian / صداي امريكا / بخش فارسي/ خبرها ونظرها/ ٢٠٠٧/٢/٢١.
١٣) www.google.com Iranian political online magazine/ جلال ايجادي/ طرح اتحاديه خاورميانةي بزرگ/ بحران خاورميانة و نقش ايران.
١٤) هەمان سەرچاوە.
١٥) شرق الاوسط،٢٠٠٦/٥/٢٦، ايران در ايينه مطبوعات/ سينا ملكي/ چشم انداز ايران ٣٩/ شهريور و مهر ١٣٨٥/ص١٤١.
١۶) حسن عليزادة/ فرهنگ خاص علوم سياسي/ نشر روزنه/ چاپ٢،/تهران٨١/.ص.١٢٠.
١٧) فصلنامةي روزف ( سياسي, اجتكاعي , فرهنگي ) / شمارة ٢ و٣ / تابستان وپاييز ١٣٨٥/ گفتگو با محمد شريف / كردها و مسئلة ي فدراليسم در عراق/ص ١٧ تا ٢٠.
18) *جفری کمپ و رابرت هارکاوی/* سید مهدی حسینی متین /جغرافیای استراتژیک خاورمیانه / پژوهشکده مطالعات راهبردی غیرانتفاعی /چاپ اول / تهران /زمستان ٨٣ / دو جلدی/.جلد ٢ /ص٣٠٢.

بەشی پێنجەم

## خالی کاریـــگەری

لێرەدا پاش روونکردنەوەی بگۆری سەربەخۆ و گرێدراو و دیاری کردنی خالی پەیوەندی کە بە زەق کردنەوەی گرژییەکانی ئێران و ئەمریکا، توانیمان ئاماژەیان پێ بدەین. ئێستا دەگەینە خالی کاریگەری. واتە لە ئاکامی سیاسەتەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران، ئایا کورد لەم بەشەی کوردستان بەرژەوەندییەکی بۆ بەدی دەکرێت، یا خود زەرەر دەکات. ئێمە لێرەدا هەول دەدەین، خالی کاریگەری لە سێ ئاستدا باس بکەین کە بریتین لە :

1) یاسای لایەنگری کردن لە ئازادی ئـــێران .
2) ئەگەری ریفۆرم لە ئـــێران.
3) ئەگەری هێرشی ئەمریـــکا بۆ سەر ئـــێران .

### یاسای لایەنگری کردن لە ئازادی ئێران

پاش شەری عێراق و لە ئاکامی بەردەوام بوونی ئێران لە سەر بەرنامەی وزەی ناوەکی خۆی و دەستێوەردان لە کاروباری ناوچە، پروژە بریارێك لە لایەن (*ئیلناراس لتینن*)، نوێنەری کۆماریخوازی کۆنگریس لە ئیالەتی فلوریدا، پێشنیار کرا کە بە پرۆژەی لایەنگری کردن لە ئازادی ئێران ناوزەد کرا.[1] ئەم پرۆژە بریارە بە کۆی (٣٩٧) دەنگ لە کونگریس پەسەند کرا ،کە تەنیا ٢١ ئەندام مۆخالفی بوون. لەم پرۆژەدا جەخت لە سەر زیاد کردنی گەمارودانی ئێران و هەروەها لایەنگری کردن لە سەر پەرەپێدانی دیموکراسی لە ئێران کرابوو، بە شێوازێك کە سەرۆك کۆماری ئەمریکا دەسەلاتی تەواوی هەبوو کە لە پێناو بەدی هاتنی دیمۆکراسی لە ئێران هەبوو، یارمەتی هەر پارت و گرۆپ و کەسایەتی و...هتد وەك ئوپوزسیونەکانی ئێران بدات.

تـــام لانـــتوس، نوێنەری دیمۆکراتی کۆنگرێس سەبارەت بەم یاسایە دەلێت "ئامانج لەم پلانە ،بەرێوبردنی سیاسەتە بە رێگای کەلك وەرگرتن لە ئابوری.[2] ئەمەش ئاماژە بە یارمەتیدانی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانە وەکوو گوشارێك لە سەر ئەم ولاتە.

ئەگەر بمانەوێت تەنیا نموونەیەکی بچووك سەبارەت بە زیاد کردنی گەمارۆکان لە سەر ئێران بێنینەوە ،دەتوانرێت ئاماژە بەم بابەتە بدرێت کە بە پێ ئامارێك لە سالێ ٢٠٠٤ یەك لە چواری بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، چوار لە پێنج داهاتی ولات و یەك لە دووی بوودجەی حکومەتی ئێران لە رێگای نەوت بەدەست دەهات. [3] ئەمەش لە حالێکدایە کە ئەمریکا بەردەوام لە هەولدان دایە، بۆ رازی کردنی بانکەکان و کومپانیا نەوتییەکان بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەل ئێران بپچرێنن، ئەمەش ئەگەر بێتە بواری جێبەجێ کردن، مەترسیەکی گەورەیە بۆ پرۆژەکانی

وزەی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی. لە رویەکی ترەوە ئێران لە هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە رێکەوتنێك لەگەڵ دراوسێیەکانی خۆی لە باکورەوە مۆر بکات سەبارەت بە گواستنەوەی نەوت و گاز لە رێگای خاکی خۆی بۆ بەندەرەکانی دەریای سپی ناوەڕاست وکەنداو.[٤] ئەمەش لە لایەن ئەمریکاوە بە توندی دژایەتی دەکرێت.

ئەگەر ئەم گەمارۆیانەی ئەمریکا و هاوپەیمانان بێتە بواری جێبەجێ کردن، لێرەدایە کە ستراتیجی ئەمریکا بۆ لاواز کردنی ئێران، بە تاکتیکی گەمارۆکان دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێت، ئەمەش تا ڕادەیەك بەرژەوەندی نەتەوەکانی ناو ئێران دەپێپێکێنێت .

سەبارەت بە یارمەتی دانی هەموو گروپ و ئۆپۆزسیۆنەکانی ناوخۆ و دەرەکی ئێران کە لە ناو پرۆژەکە ئاماژەی پێ کراوە، هوکارێك بۆ لاوازی ئێران دەبێت، هەروەك (*دیکچێنی*) لە کۆنگرەیەکی میدیایی کوشکی سپیی ئەمریکا بەرامبەر بە پالپشتی و یارمەتی دانی ئێران بۆ گرووپە تێروریستەکان لە ناو عێراق ئاماژەی بەوە کرد: " لەمەو دوا ئەمریکا سیاسەتی خوێ بۆ یارمەتیدانی گروپ و پارتە ئۆپۆزیسۆنەکانی ئێران تەرخان دەکات. دوای ئەم بریارەش، ئەمە وەکوو کارتێکی گوشاری ئەمریکا دژ بە ئێران، لە بانگەشەکردنی سەرۆکی (پژاك) بۆ ئەمریکا کە مەترسی بۆ سنورەکانی ئێران درووست دەکات، رەنگدەداتەوە. بە پێی هەواڵی روژنامەڤانی ئەلخەلیجی عەرەبی لە ٧/ئابریلی/ ٢٠٠٧ .[٥]

ئێران، ئەمریکا بەوە تاوانبار دەکات کە یارمەتی دارایی دەگەینێتە گرووپی جندالله لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان بۆ تێکدانی ئاسایشی ئێران. هەروەها نزیکەی (٧٥) میلیون دۆلار لە لایەن کۆنگرێسی ئەمریکا وە تەرخان کراوە بۆ پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان و میدیاکان کە پێش دەرچوونی ئەم بریارە تەنیا سێ تا چوار میدیا هەبوون، دژی ئێران چالاکییان دەنواند: وەکوو (VOA) و (PARS.TV)و...هتد. بەڵام پاش دەرچوونی بریارەکە لە کۆنگرێس چەندین کەناڵی ئەسمانی دژ بە ئێران کار دەکەن بە شێوەی بەرچاو و بەردەوام. جگە لەمە باس لە وە دەکرێت کە یارمەتی دارایی و سەربازی لە لایەن ئەمریکا و ئیسرائیل دراوە بە پژاك بۆ بەردەوام بوون لە کارەکانی خۆی دژ بە ئێران.[٦]

هەر بە پێ ئەم پلانە، لایەنگری کردن لە دیمۆکراسی بۆ ئێران کە بەشێکیش تەرخان کراوە بۆ لایەنگری کردن لە نەتەوەکانی ئێران، ئاماژە دەدرێت کە بە یەکگرتوویی هێزە نەتەوەییەکان و هێزە دیمۆکراتخوازەکان ئەم پلانە بچێتە سەر. بۆیە ئاماژە پێدان بە دانیشتنی نوێنەرانی نەتەوەکانی کورد، بەلوچ، تۆرکەمەن و ئازەری کە بە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ ناسراوە، پێویستە کە بڵێن هەتاکوو ئێستا ئەم دانیشتنانە لە چەندین وڵاتی ئالمانیا، فەرنسا و بریتانیا بە بەشداری نوێنەرانی پەرلەمانی ئەورووپی بەڕێوەچووە. لە ١٦/ سێبتامبێری/٢٠٠٦ دەستەی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئێران دانیشتنێکی بەڕێوەبرد لە ژێر ناونیشانی بارودۆخی کەمایەتییەکان لە ئێران.[٧] کە نیشاندەری هەستیار بوونی ئەورووپاییە سەبارەت بەم بابەتە لە ئێران، کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر ئەم وڵاتە کە بە کاری هێناوە و توانیەتی تا ڕادەیەك لە سەر لاوازی حکومەتەکەی کاریگەر بێت لە هەندێك بوار وەکوو پێشێل کردنی مافی مروڤ، کەمە نەتەوەییەکان و...هتد لە ئێران.

ئەمانەش هەموو بە سەرەتاییێك بۆ شەرێکی ناڕاستەوخۆ دژ بە ئێران دێنە هەژمار کە دوو بوار لە خۆ دەگرێت:
لایەنگری کردن لە دیمۆکراتخوازەکانی ئێران.
کەلك وەرگرتن لە هێزەکانی دژ بە حکومەت.
دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەکی زۆر کەم کورد توانییەتی بەرژەوەندییەك بۆ خۆی پێناسە بکات، کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ لاوازی پارتە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە پەیوەندییە دەرەکانیاندا، کە نەیانتوانیوە بە شێوەی ئەوتۆ گرینگی نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لای رۆژئاوا زەق بکەنەوە و زیاتر تووشی ململانێ و ناکۆکی ناوخۆیی یاخۆد خەریکی شەری ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەر بوونە لەگەڵ یەکتر. واتە یەکگرتوویێك لە نێوانیاندا بەدی نەکراوە. ئەمانە هەموو هۆکارێك بۆ لاوازی کورد لەم کاتە گرینگ و حەساسە دەبێت.

**ئەگــەری ریفۆرم لە ئــێران**

بە پێی راپۆرتی ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکان ( شورای روابت خارجی) کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لێکۆلینەوەیەکی لە بارەی ئێران لە رێگای سۆزان مالونی (ئەندامی دیمۆکراتخوازی کۆنگرێس) کرد، مالونی یەکێکە لەو کەسانەی کە لایەنگری دانوستانە لەگەڵ ئێران و هەروەها دژی یارمەتیدانی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانە. جگە لە مالونی کۆمەڵە کەسێکی تر وەکوو نێبر ئیسکاشۆك هیگل (نوێنەری کۆماریخوازی کونگرێس)، دێنیس راس (بەرپرسی پێشوی فایلی رۆژهەلاتی ناوەڕاست)، ساموئێل برگێر( راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە سەردەمی کلینتون ) و توماس فریدمەن (رۆژنامەنوس ) خوازیاری گفتگۆ کردن لەگەڵ ئێرانن.[٨]
کردەوەی سەربازی دژی ئێران، دەبێتە هۆی زیاد بوونی حکومەتێکی ناسەقامگیر لە سەر کۆی ئەو حکومەتە ناسەقامگیرانەی کە لە ناوچە بوونیان هەیە.(فریدمەن،توماس ) [٩] بۆیە دەبینین بە نەمانی رامسفێلد لە پۆستی وەزیری بەرگری ئەمریکا و هاتنە سەرکاری ڕۆبێرت گێتس و سوور بوونی ئەو لە سەر بەرێوەچونی دانوستان لەگەڵ ئێران ئەگەری گفتگۆ کردن دێتە بەر چاو کە ئەوەش دەتوانێت هوکارێك بێت بۆ ئەوەی بیر لە پرۆسەی گۆڕانکاری و ریفۆرم لە ناو حکومەتی ئێران بکرێت لە لایەن ئەمریکاوە، لە ئاکامی گوشارەکان بە رێگای دیپلوماسی و گفتگۆەکان. کەواتە ئەگەر ئەم پروسەیە بەرێوە بچێت و هوکارێك بێت بۆ نزیك بوونەوەی ئێران و ئەمریکا، دەکرێت بلێن ئەمە کاریگەری لە سەر کەمایەتییەکانی ئێران بە تایبەتی کوردەکان لە روژهەلاتیی کوردستان دەبێت، بە شێوازێك کە رەنگە لە ئاکامی ریفۆرم رێگا خوش بکردرێت بۆ بە رێوە چوونی پرۆسەی فیدرالیزم یاخۆد ئۆتۆنۆمی لە ئێران. هەرچەند بە بارودۆخی ئیستای ئێران کە ریفۆرمیستەکان بە تەواوی لە دەسەلات لادراون و کۆرسییەکانی پەرلەمان لە نێوان کۆنسرڤەتیستە سوننەتییەکان و رادیکالەکان دابەشکراوە، هەست دەکرێت زۆر ئاستەمە ئەم پرۆسانە (Reform) لە ئێران بەڕێوە بچن، مەگەر فشارێکی دەرەکی یان مەترسییەك بێتە هۆکاری گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانیان.

## ئەگـەری هـێرشی ئامریـــکا بـــۆ سەر ئـــێران

بەشە بە دوای وڵامی ئەم پرسیارەین: ئایا بە ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، حکومەتێکی فیدراڵ لە رۆژهەڵاتی کوردستان دادەمەزرێت؟

ئەمریکا بە بوون لە کەنداو و هێرشکردنە سەر ئەفغانستان و عیراق، توانییەتی گوشاری گەمارودانی سەر ئێران زیاد بکات بە تایبەت پاش لە ناوچونی سەدام، واتە ئێران وەکوو هەرەشەیەك لە سەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا لە ناوچەکە پێناسە دەکرێت. بە تایبەتی ئەو کاتەی کە ئەحمەدی نەژاد باسی رەش کردنەوەی ئیسرائیلی کرد لە سەر نەخشەی جیهان. ئەمەش وای کرد نیگەرانی ئەمریکا و ئیسرائیل سەبارەت بە ئێران روو لە زیاد بوون بکات. پرۆسەی وزەی ناوەکی ئێرانیش هۆکارێك بوو بۆ شی کەرەوەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان ، کە باس لە ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بکەن. "ئەگەر بە ڕاستی ئێران سوورە لە سەر درووست کردنی چەکی ناوەکی، تەنیا وەڵامی ڕاستەقینە بریتیە لە کۆنترۆڵ کردنی ئەم وڵاتە، بەم مەبەستەش ئێران و هاوپێمانەکانی ئەمریکا دەبێت بزانن کە سیاسەتی ئەمریکا تەنیا بریتی نییە لە دانۆستان یان هێرش کردن بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران وەکوو دوایین رێگا. ئەمریکا دەبێت سیاسەتێك بگرێتە بەر کە دیاریکەری ئەوە بێت کە ئێران بە توندی کونترول دەبێت، لەم پێناوەشدا بە کار هێنانی شێواز گەلێك وەکوو بەرگری موشەکی و بوونی سەربازی ئەمریکایی لە کەنداو پێویستە." ( ئەنتۆنییۆ کۆردزمەن،Anthony cordesman ) .[10]

هەروەها دیك چێنی پاش سەرکەوتنی دیمۆکراتەکان لە ساڵی ٢٠٠٦ ووتی:" سەرکەوتنی دیمۆکراتەکان لە مانگی نوڤەمبەر نابێتە هۆی ئەوەی بوش پلانی سەربازی دژ بە ئێران پشت گوێ بخات.[11] هەرچەند باسی ئەوە هەیە کە ئەمریکا مەبەستی لە کرددوە سەربازی تەنیا بۆمەباران کردنی بنکە ئەتومیەکانی ئێرانە، بەمەش ئامانجی سەرەکی ترساندنی حکومەتی تارانە،نەوەك گۆڕینی سیستەمی حکومەت.بەڵام دەبێت ئەم خالەش لە بەر چاو بگرین کە زۆربەی کۆنسرڤەتیستەنوێکانی ئەمریکا تیشك لە سەر بەڕێوەچونی پرۆسەی سەربازی دژ بە ئێران دەخەن.

بۆ نموونە ریچارد باتلێر دەلێت:"حکومەتی ئێران نە دەتوانێت، نە دەیەوێت ریفۆرم لە ناوخۆ بکات، بۆیە تەنیا بە گۆڕینی سیستەمی حکومەت لە رێگای هێرشی سەربازی دەکرێت پەرە بە دیمۆکراسی و گرنگی دان بە تاکەکان لەم وڵاتە بدرێت.[12]

بەڵام ئەمریکا بۆ لێدانی ئێران پێویستی بە کۆدەنگیەکیی نێودەوڵەتی هەیە و تا کاتێك نەتوانێت بۆ رای گشتی جیهانی (Public opinion world) بسەلێنێت کە ئێران هەرەشەیەکە بۆ سەر ئاسایش و سیستەمی نێونەتەوەیی. بۆیە ناتوانێت بێ ئەم شتە پرۆسەی سەربازی دژ بە ئێران ئەنجام بدات، لە ناو سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا (foreign policy of USA) میکانیزمی سەربازی دژ بە ئێران دوایین هەنگاوە، واتە ئەو کاتەی کە هیچ رێگایەك بۆ چارەسەری کێشەکان نەما، ئەو کاتە بیر لەم بابەتە دەکرێتەوە.

ئێستا بە خوێندنەوەی کاریگەری سیاسەتی ئەمریکا لە سەر ئێران، دەتوانین بڵێن، ئەگەری هێرش کردنی ئەمریکا و ڕۆخانی حکومەتی ئێران، هۆکارێك دەبێت بۆ گەرانەوەی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران بۆ ناو وڵاتەکەیان و بەڕێوەچونی پرۆسەی فیدرالیزم((Federalism)) لە چوارچێوەی ئێران بۆ درووست کردنی ئێرانێکی فێدرال.

کوردیش وەکوو یەك لە نەتەوەییەکانی ئێران لەم بوارەدا بێبەش نابێت. بەڵام سەبارەت بە روژهەڵاتی کوردستان چەند خالێك هەیە کە وەکو کۆسب دەژمێردرێن:

١) درووست بوونی حکومەتی فیدراڵ لە باشووری کودستان، زیاتر رەنگدانەوی ئەم حالەتە بوو کە کورد لەم بەشەدا لە سالّی ١٩٩١ بەولاوە ئەزموونێکی بەرێوەبردنی حکومەتی هەبووە. بەڵام بە نیسبەت روژهەڵاتی کوردستان، ئەم حالەتە پێشتر نەبووە، تەنیا لە سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان نەبێت، ئەویش بۆ ماوەی یازدە مانگ .

٢) نەبوونی یەکگرتوویی لە نێوان پارتە کوردییەکانی روژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەیەك کە پاش ئەو هەموو ساڵە کە لە خەباتیان تێپەردەبێت، هێشتا نەیان توانیوە لە بەر جیاوازی بیروڕا بەریەکی یەکگرتوو درووست بکەن و ئەگەری ئەوەش هەیە کە بە لێدانی ئێران، ئەم پارتانە لە سەر سنورەکانی ئێران تووشی شەر و پێکدادان بن لەگەڵ یەکتری لە پێناو وەرگرتنی دەسەڵات.

٣) بیروڕای هەندێك لە پارتەکانی ئێران بە تایبەتی مەشروتەخوازەکان، لە سەر بنەمای ئەوەیە کە دژی فیدرالیسم بۆ ئێرانن و ئەو پارتانەی کە خوازیاری فیدرالسیمن وەکو جودایی خواز دێننە هەژمار کە فیدرالیسم وەکو پاساوێك بە کار دێنن بۆ سەربەخۆیی.

هەر چۆنێك بێت، لە سەر بنەمای ئەوەی کە گریمانەکەمان پەیوەندی بە ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران هەیە، دەتوانین لە کوتاییدا ئاماژە بکەین، کە بە ئەگەری هێرشی ئەمریکا و رۆخانی کۆماری ئیسلامیی، حکومەتێکی فیدراڵ لە رۆژهەڵاتی کوردستان، تا ڕادەیەك هاوشێوەی باشووری کوردستان دادەمەزرێت.

**سـەرچـاوەکانی بـــەشی پیـێنجەم**


١) / http:jahankurd.blogfa.com / مهتاب فريد/واشنكتن پريزم.

٢) هةمان سةرضاوة.

٣) www.google.com iranianpolitical online.magazi جلال ايجادي/ بحران خاورميانه و ايران/ پروژه اتحادية خاورميانه بزرگ.

٤) جفری كمپ و رابرت هاركاوی/ سيد مهدی حسينی متين/جغرافيای استراتژيک خاورميانه /پژوهشكده مطالعات راهبردی غيرانتفاعی /چاپ اول / تهران/ زمستان ٨٣ /دو جلدی/ ص٢۴۴.

٥) الخليج/٢٧/٢٠٠٧/ چشم انداز٤٤/ ايران در اينة مطبوعات/ سينا ملكی/١٣٦.

۶) www.kurd.com newyorker.com /دةنطي ئازادي كوردستان / كمك امريكا واسراييل بة ئذاك.

٧ ) تحولات ايندة ايران و لوزم همبستگی تركمنهاو ازةربايجان.

٨) شرق الاوسط / منال لتفی/ ايران در اينة مطبوعات/ سينا ملكی/ چشم انداز ٣٩/ شهريور١٣٨٥/ص١٣٧.

٩) نيويورك تايمز/ سياست امريكا در قبال ايران/ سايت وزارت امور خارجة امريكا. WWW.Yahoo Search.com

١٠)/ Financial times /٢٦. /ژوئن.٢٠٠٦/ مهار ايران/ انتونی كوردزمن/ ايران در اينة مطبوعات/سينا ملكی/چشم انداز ٣٩/ شهريور١٣٨/.ص١٤١.

١١) VOA /دەنگی امريكا بەشی فارسی/خبرها و نزرها/نوامبر٢٠٠٦.

12) New York times / سياست امريكا در قبال ايران/ سايت وزارت امور خارجة امريكا/WWW.Yahoo Search.com

## دەرەنـــــجام: Results

وەکوو ئاماژەمان پێ کرد سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا لە ناوچە لە سەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی. لەم نێوەدا ئێران کۆسپێکی سەرەکییە لە بەردەم جێبەجێ بوونی ئەم بەرژەوەندییانە. بە گشتی کەمەنەتەوەییەکانی ناو ئێران بە تایبەت کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کەوتوونەتە بازنەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی خۆی جێبەجێ بکات. بە شێوازێك کە لە پێناو کارتێکەری سەر ئێران و لاواز کردنی، باس لە یارمەتی دانی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان، یاسای لایەنگری کردن لە ئازادی ئێران و مافی کەمە نەتەوەییەکانی ئێران دەکرێت، کە رۆژانە دیاردەی پێشێل کردنی ئەم مافانە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران دێتە بەر چاو. ئەمەش وەکوو بیانویەکانی دەستێوەردانی ئەمریکا لە رێگای ( International Society).

بۆیە پێش ئەگەری هێرشی سەربازی ئەمریکا لە سەر ئێران  بە جێبەجێ کردنی ئەو جۆرە میکانیزمانەی کە ئەمریکا لە سیاسەتی دەرەکی خۆی وەکوو کارتێکەری و گوشار خستنە سەر رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کار دێنێت، پێش بینی ئەگەری رۆخان و تێکچوونی رژیمەکە دەکرێت وەکوو یەك لە ئامانجەکانی ئەمریکا.  بە یەردەوام بوونی ئێران لە پێناو تێکدانی بارودۆخی ناوچەکە و لە ناو بردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و رەچاو نەکردنی یاساکانی نێودەوڵەتی بۆ گەیشتن بە وزەی ناوەکی وەك مەبەستی سیاسەتەکانی دەرەکی خۆی و هەرەشە لە سەر ئاسایشی نێونەتەوەیی(International Security) کۆتایی بە قوناغی گفتگۆکانی دیپلۆماسی لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی دێنێت و دەگاتە ئەو رادەیەی کە پلانی هێرشی سەربازی ئامانجی سەرەکی ئەمریکا دەبێت.

بە ئەگەری روودانی ئەو پێش بینییانەی کە بە پێی توێژینەوەکەمان دەستنیشان کراوە، دەکرێت ئاماژە بە ئەنجام گەیاندنی گریمانەکەمان بکەین.

یەك لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا بچووك کردنی وڵاتە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستە، بۆ دوور خستنی هەرەشە و مەترسی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی و پاراستنی ئیسراییل، وەکوو وڵاتی ئێران کە ئەمریکا بە پێی پلان و میکانیزمەکانی خۆی دەیهەوێت گۆڕانکاری تێدا بکات و هاندەر بێت بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیمۆکرات و ئازاد لەم وڵاتە  بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران. رێز گرتن لە مافە کەمە نەتەوەییەکان وەکوو پرەنسیبی سەرەکی مافی مرۆڤ، یەك لەو نەتەوانەش کە بە پێی ئاماری دانیشتوان و رووبەری شوێنەکەی ئاماژەی پێکراوە، رۆژهەڵاتی کوردستانە وەك ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکەمان لە بەدیهاتنی ئەو پێش بینییانەی کە لە داهاتوو دا وەکوو گۆڕانکاری سیاسی رەنگە لە وڵاتی ئێران ئەنجام بدرێن، ئەمەش بە یەکگرتوویی پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وە یەکدەنگییان لە بەشداری سیاسی بە تیشك خستنە سەر وەرگرتنی مافە رەواکانی نەتەوەی کورد لە حکومەتی ناوەندی ئێران وەکوو نموونەی باشووری کوردستلان(لیستی هاوپەیمانی کوردستان).

دەکرێ لە داهاتوویەکی نزیك پێش بینی لە درووست بوونی حکومەتێکی فیدرال لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین.

سەرضاوەكان:
كتابهای فارسی:


١- جفری کمپ و رابرت هارکاوی/ سید مهدی حسینی متین/جغرافیای استراتژیک خاورمیانه /پژوهشکده مطالعات راهبردی غیرانتفاعی /چاپ اول / تهران/ زمستان ٨٣ /دو جلدی/
٢- برایان وایت / مایکل اسمیت و ریچارد لیتر / سید محمد کمال سروریان / مسائل سیاست جهان / پژوهشکده مطالعات راهبردی / چاپ اول / تهران٨١
٣- دکتر علیرضا ازغندی / ارتش و سیاست / انتشارات قومس / چاپ سوم / تهران٨٢
٤- دکتر صالح ملاعمر عیسی / بحران آفرینی قدرتها در کردستان عراق / نشر توکلی / چاپ اول / تهران٨٠
٥- ولادمیر مینورسکی / محمد رئوف یوسفی نژاد / کرد، تاریخ، زبان، فرهنگ / نشر سهیل / چاپ اول / تهران١٣٧٨
٦- حمیدرضا جلایی پور / جامعه شناسی جنبش های اجتماعی / انتشارات طرح نو / چاپ اول / تهران٨١
٧- سرهنگ شیخ عبدالوحید / صلاح الدین عباسی / کردها و سرزمینشان / نشر احسان / چاپ اول / تهران ٧٨
٨- کمسیون تدوین استراتژی امنیت ملی آمریکا / استراتژی امنیت ملی آمریکا در قرن ٢١ - مؤسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر ایران / چاپ چهارم / تهران پاییز٨٣
٩- اندرو لینکلتر/ لیلا سازگار/ نظریه هنجارگذار و روابط بین الملل / مفاهیم اساسی در روابط بین الملل / دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی / مرکز چاب وانتشارات وزارت امور خارجه / چاپ اول / تهران / تابستان ١٣٨٥.
١٠- علیرضا علوی تبار / گفتگویی انتقادی / اصلاحات در برابر اصلاحات / سعید حجاریان / عباس عبدی/ سید مصطفی تاجزاده / حمیدرضا جلایی بور/ انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد / چاپ دوم / تهران ١٣٨۴.
١١- عبدالله اوجلان / رحیم بیگ زاده / از دولت کاهنی سومر به سوی تمدن دمکراتیک ، دوره ٢ جلدی / نشر بیام امروز / تهران ١٣٨٣.

۱۲- حمید رضا ظریفی نیا ، با مقدمه ی سید مصطفی تاجزاده / کالبدشکافی جناحهای سیاسی در ایران ۱۳۵۸ تا۱۳۷۸ / نشر ازادی / چاپ۳ / تهران ۱۳۷۸.
۱۳- درک کنیان / ابراهیم یونسی / کردها و کردستان / نشر نگاه / چاپ ۱ / تهران ۱۳۷۶.
١٤- احمد ساعی / مسایل سیاسی اقتصادی جهان سوم / سا.مان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها { سمت} / چاپ ۸ / تهران ۱۳۸۵.
١٥- کتاب امریکا / ویژ ه دکترین امنیت ملی بوش در خاورمیانه / موسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرا معاصر تهران / چاپ ۱ / مهر ۱۳۸۲.{ مجموعه مقالات}
١٦- شیرین عبادی / تاریخچه و اسنادحقوق بشر در ایران / نشر روشنگران ومطالعات زنان / چاپ ۱ / تهران ۱۳۸۳.
١٧- حسین مدنی / فتاح کاویان / کردستان و استراتژ ی دولتها / موسسه ترجمه {دةزطاي وةرطيران} ، چاپ ۱ / چابخانه ی مناره / هولیر{ هه ولير} ۲۰۰۶.
١٨- عزت الله عزتی / تحلیلی بر ژئو ثلتیک ایران و عراق / دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی / مرکز چاپ و نشر وزارت امور خارجه / چاپ ۲ /تهران ۱۳۸۴.
۱۹- د. همایون الهی / خلیج فارس و مسائل ان / نشر قومس / چاپ ۸ / تهران ۱۳۸۴.
۲۰- زیر نظر الکساندر ماتیل / کامران فانی و نورالله مرادی / دایره المعارف ناسیونالیسم / دوره ۳ جلدی / کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه / تهران ۱۳۸۳.
۲۱- حیین بشیریه / دیباجه ای بر جامعه شناسی سیاسی ایران در دوره جمهوری اسلامی ایران / نشر نگاه معاصر ـ/ تهران ۱۳۸۱.
۲۲- اسماعیل یورد شاهیان / تبار شناسی قومی و حیات ملی / ر فرزان روز / چاپ اول / تهران ۱۳۸۰.

**کتێبە کوردییە کان:**

٢٣- د.افراسیاو هەورامی / کورد لە ئارشیفی روسیا و سۆڤیێت دا / بڵاوکراوەی موکریانی / چاپی یەکەم٢٠٠٦.

٢٤- نەوشیروان مستەفا / حکوومەتی کوردستان / بڵاو کراوەی سەنتەری ستراتێجیی کوردستان / چاپی سێیەم / سلێمانی٢٠٠٧.

٢٥- نورا بێنساهێل / دانیال ل.بیمان / مەریوان کاکل / هێمن غەنی / ئایندەی بارودۆخی ئاسایش لە رۆژهەڵاتی ناوڕاست دا / بڵاوکراوەی ئاراس / چاپی یەکەم / هەولێر٢٠٠٧.

٢٦- خدر مەرەسەنە / ئاوێنەی راستیەکان / بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری / چاپی دووەم / سلێمانی ٢٠٠٤.

٢٧- عمر نورەددینی / سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد( کوردستان عراق وەك نموونە) / وزارەتی رۆشنبیری / چاپی ١ / هەولێر ٢٠٠٣.

٢٨- ریچارد کاگلەر / دلێر میرزا / ستراتیژی سەربازی ئەمریکا لە سەدەی ٢١ / چاپی وەزارەتی رۆشنبیری / هولێر ٢٠٠٣.

٢٩- پرۆفیسۆر دڵاور عبدالعەزیز عەلائەددین / لۆبی کردن بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت / چاپی وەزارەتی رۆشەنبیری / ژمارە ٩٢١ / ٢٠٠٧.

٣٠- حوسێن مەدەنی / ستراتێجی نوێی ئامریکا / گۆڤاری تیشك ١٣ / ساڵی شەشەم / پووشپەڕی٨٢

٣١- حوسێن مەدەنی / ئێران و سیاسەتی ستراتێجیکی ئامریکا / گۆڤاری تیشك ١٦ / ساڵی هەشتەم / خەزەڵوەری٨٤.

**گۆڤارەکان:**

مجلات فارسي

١-فصلنامة فرهنگي ، ادبي ، اجتماعي زرّيبار / سال دهم / شمارة ٦ / بهار ١٣٨٥.

_ محمد شاهد علوي ، جنبش هاي قومي ، ص ٨٧ تا ١١٥.

٢- فصلنامة فرهنگي ، ادبي ، اجتماعي زرَيبار / سال ١١ / شمارة ٦٣ / بهار ١٣٨٦.

_جعفرشيخ الاسلامي / كمال خالق ثناة / جدايي طلبان ديروز جنطجويان مقاومت امروز.

٣- فصلنامةي روَژف ( سياسي, اجتكاعي , فرهنگي ) / زمستان وبهار ٨٥ / ٨٦.

_ صارم الدين صادق وزيري / ارتباطا ت متقابل چپ ايران وچپ كردستاني.
_ قاسم احمدي / روابط حزب توده با حزب دمكرات كردستان ايران.
_ صباح مفيدي / جنبش چپ و مسئلة ملي ( از رمانتيسم تا رئاليسم با تاكيد بر سازمان كوملة).
٤- فصلنامةي روَژف ( سياسي, اجتماعي , فرهنگي ) / شمارة ٢ و٣ / تابستان وثاييز ١٣٨٥ .
_ گفتگو با محمد شريف / كردها و مسئلة ي فدراليسم در عراق.ً ص ١٧ تا ٢٠.
_ گفتگو با محمد قآزي.
_ سهراب كريمي / موانع دمكراسي و عدم تمركز در ايران بعد از انقلاب.
_ يونس عباس زادة / جمهوري كوردستان و تجربةي عدم تمركز در ايران معاصر.
_ صباح مفيدي ـ/ گزري بر عدم تمركز خواهي سياسي در ايران.
٥- ماهنامة ي سياسي, اقتصادي, اجتماعي و فرهنگي افتاب / سال سوم / مرداد و شهريور ١٣٨٢ / شمارة ٢٨.
_ مهرداد مشايخي / دگرديسي مباني سياست و روشنفكري سياسي.
٦- ماهنامةي اجتماعي, سياسي و ثذوهشي ائين ـ/ سال اول ـ/ شمارة ١.
هادي خانيكي / برخي منابع و موانع دمكراسي در ايران.
_ حسين بشيرية / نقش نخبگان در گزار به دمكراسي.

٧- ماهنامة ي سياسي, اقتصادي, اجتماعي و فرهنگي افتاب / سال سوم / مهر ١٣٨٢ / شمارة ٢٩.
_ ابراهيم يزدي / ايران و فن اوري هستةاي.
٨- ئاشتي ـ/ نشرية ي دانشجويان كرد دانشطاة زنجان ـ/ فرهنطي, اجتماعي, سياسي ـ/ سال اول ـ/ شمارة ٣ ـ/ مرداد ١٣٨٣.
٩- مسعود حقيقت فر ـ/ طزري بر جنبش دانشجويي در كردستان.
١٠- ضشم انداز ايران ـ/ شمارة٤٥ ــ/ شهريور و مهر ١٣٨٦.
_ لطف الله ميثمي ــ/ قانون نفت عراق.
_ توماس فريدمن ـ/ سينا ملكی ـ/ قدرت انرژی سبز ـ/ برگرفته از نيويورک تايمز ـ/ ١٥ ابريل ٢٠٠٧.
١١- مطالعات منطقه ای ـ/ اسراييل شناسی ـ/ جلد چهارم ـ/ مرکز بژوهشهای علمی و امريكا شناسی ـ/ مطالعات استراتژيک خاورميانه ــ/ ١٣٧٩.
_ مهدی زاكريان ـ/ امريكا و جهان قرن ٢١.

گوڤاره كوردییەكان:

١٢- دوسیی ئێران / ژماره ١ / كانون دووەمی ٢٠٠٦ / سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئیستراتیجی كوردستان / سلێمانی ٢٠٠٦.

ـ/ فەیسل عەلی / ئەحمەدی نژاد و ئاسۆكانی گۆران لەئێران.

ـ/ مستەفا مەعرووف / لە بەنی سەدر هەتا ئەحمەدی نژاد.

ـ/ هێنری كسینجەر / بۆتان محمد / دیپلۆماسییەت و برنامه ناوەكییەكەی ئێران.

ـ/ راپۆرتی سالی ٢٠٠٥ ی هیومان رایتس ووچ سەبارەت بە ئێران.

١٣- گوڤاری توێژینەوە / ژمارە ٩ / سالی دووەم / كانونی یەكەم ٢٠٠٦ / چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە / هەولێر ٢٠٠٦.

ـ/ زریان رۆژهەلاتی / پرسە ئیستراتیجییەكانی بەردەم جولانەوەی نەتەوەیی كورد لە رۆژهەلات.

١٤- گوڤاری تیشك / سالی ٤ / ژمارە ٩ / سەرماوەزی ١٣٨٠.

ـ/ ع . و ریا / قوناغەكانی بزوتنەوەی فەرهەنگی لە كوردستانی ئێران.

١٥- گوڤاری تیشك / سالی ٨ / ژمارە ١٦ / خەزەلوەری ١٣٨٤.

ـ/ حسین مەدەنی / ئێران و سیاسەتی ستراتیژیكی ئەمریكا ( بوشی ٤).

٤٧- گوڤاری تیشك / سالی ٦ / ژمارە ١٣ / پووشپەری ١٣٨٢.

ـ/ حسین مەدەنی / ستراتیژی نوێی ئەمریكا ٢ .

١٦- رۆژنامەی ئاسۆی رۆژهەلات / ژمارە ٣٠/ سێ شەممە / ١٣ ، ٩ ، ١٣٨٦ / لاپەرە ٣ / دكتور علی اصغر كازمی / وەرگێران ج. الف / شەری ساردی تازە كە لەوانەیە ئێران نەتوانێ قازانجی لێبكات.

سەرچاوە گەلی ئێنتەرنتی:

١٧- www.google.com/mikypidia / خاورمیانة بزرگ فداي امنیت ملي امریكا / محمد مهدي موسوي.

١٨- www.google.com ـ/ علوم اجتماعي / كردها تهديد يا فرصت / سة شنبة ٩ خرداد ١٣٨٥.
١٩- www.hadizamany.com / مروري بر عملكرد و پروژة ي خاورميانةي بزرگ/ 31 jun 2005
٢٠- http_ pulpitis.blogfa.com_post71.aspx/ روزنامةي زمان تركي / د. امير راهبر ـ/ نقشة ي جديد نيروهاي مسلح امريكا براي خاورميانة.
٢١- WWW.KURDISTANUKURD.COM / نقسشه ى سياسى امريكادر خاورميانه/ خالد عزيزى/ كردستان در معادله ى خاورميانه/ترجمه كوردى به فارسى كاوه اهنگرى.
٢٢- www.kurd.com newyorker.com / دةنگي ئازادي كوردستان / كمك امريكا واسراييل بة پژاك.
٢٣- www.google.com iranianpolitical online.magazine / جلال ايجادي/ بحران خاورميانة وايران / پروژةي اتحاديةي خاورميانةي بزرگ.
٢٤- www.aftabnews.com ، انديشكدةي مصالح ايران / مشاركت بة دليل پيشرفت و ايندةي مشترك با منتقةي خاورميانة بزرط و شمال افريقا ، نهم ذوئن ٢٠٠٤.
٢٥- www.aftab.ir.com ، برنامةي ايندةي امريكا در منتقة چيست؟ ، ٣ ابان ١٣٨٦. پل ارتباتي ايران و امريكا usinfo.state.gov
٢۶- www.aftab.ir.com ، خبرگزاري فارس ، خاورميانةي جديد, روياي حاكمان صهيونيستي.
٢٧- www.maqvwmat.com ، مقاومت اسلامي لبنان ، خاورميانة و اهداف امريكا.